گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تەکنۆ-دەسەڵات و لەسیاسەتخستن لە فەلسەفەی سیاسی (سلاڤۆی ژیژەک)دا

**پ. د. شێرزاد ئەحمەد نەجار**
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Ameen.sherzad@yahoo.com

**م. ی ئیدریس عمر مستەفا**
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
idrees.mustafa@su.edu.krd

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/٢١
پەسندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٩
بڵاوکردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**وشە سەرەکییەکان**
Depoliticization, Bio-Politics, Liberal Democracy, politics of fear, Technocracy, Violence

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.11

## پوختە

چەمکی سیاسەت Politics وەک پانتایی هێز و ململانێ و رووبەری بەشداری هاووڵاتیان، هەر لەسەردەمی یۆنانەوە بە یەکێک لە گرنگترین بیاڤەکانی فەلسەفەی سیاسی دانراوە کە بەردەوام لە نێوان "جیاوازی" و "دژایەتی" توخم و رەگەزە پێکهێنەرەکانیدا، خەسڵەتەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لەم نێوەندەش دا ئایدیۆلۆژیا وەک چوارچێوەی راڤە و بینین و داوتر کردە action، رۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە. سلاڤۆی ژیژەک* هەوڵیداوە لە رێگەی رەخنەگرتن لە بنەما سەرەکییەکانی هزری لیبراڵ دیموکراسی و لە روانگەیەکی هیگڵی-مارکسی و بەیارمەتی دەروونشیکاریی جاک لاکان، چەمکی سیاسەت هەڵوەشێنێتەوە، وەک بواری سازان و کۆدەنگی کە خۆی لە بایۆ-سیاسەت یان زیندە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ژیاندا بەیان دەکات و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو پنتەکانی ژیانی مرۆڤ دەدات، و ئەمە لە چوارچێوەی ململانێی چینایەتی دابڕێژێتەوە. ژیژەک بە تیشک خستنەسەر رەهەندی ئایدیۆلۆژی پشت گوتاری فرەکولتورگەرایی و سیاسەتی شوناس، رەهەندە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئایدیۆلۆژییەکانی واقعییەتی بایۆ-سیاسەت و دەسەڵاتی تەکنۆکراسی روون دەکاتەوە کە تێیدا دیموکراسی پەراوێز دەخات و خەڵک زۆرتر رۆڵی شەرعیەتبەخشین دەگێڕێت و ئەمەش گرفتی لەسیاسەتخستن دێنێتەئارا.

## پێشەکی

لەگەڵ زاڵبوونی گوتاری کۆتایی مێژوو و کۆتایی ئایدیۆلۆژیا، ئەم بیرۆکەیە هاتووەتە ئارا کە سەرمایەداری وەک براوەی مێژوو، سیاسەتی لە لۆژیکی بازاڕدا کورت کردووەتوە و سیاسەت چیتر وەک بوارێکی کاریگەر و هەستیار رۆڵ نابینێت. لە دیدی ژیژەک ئەم بیرۆکەیە کە لە هەناوی بایۆ-دەسەڵاتی سەرمایەدارییەوە سەریهەڵداوە و گوتاری پۆست-مۆدێرن داکۆکی لێدەکات، سیاسەت وەک پانتایی ململانێ و دژایەتی یان ئەنتاگۆنیزم نابینێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەک بوارێکی پاشکۆیی سەیری دەکرێت کە شوێنی سازان و سازشی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە و ئەمەش لە رێگەی دەسەڵاتی تەکنۆکراسییەوە ئاراستە دەکرێت. بەم جۆرە تەکنۆ-دەسەڵات کە خۆی بەرهەمی ئیرادەی ئازادی هاووڵاتیان نییە، پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ دیموکراسی و ئەمەش لەسیاسەتخستن دێنێتە ئارا و چەمکی "خەڵك" تەنیا بۆ شەرعیەتبەخشین بەکاردێت و لەرێگەی جێگۆڕکێی نێوان بکەر و سوبێکتە سەرەکییەکان پێشی گۆڕانی رادایکاڵ دەگیرێت.

لە جیهانێکی تێکچرژاودا کە قەیران و کێشە ناوخۆیی و جیهانییەکان کاریگەری راستەوخۆیان لەسەریەکتر هەیە، فەلسەفەی سیاسی بەگشتی و بیری رەخنەیی بەتایبەتی دەتوانێت روانگە و ئاراستەی نوێ بۆ بینین و چارەسەری کێشە بونیادییەکان بخاتەڕوو، ژیژەک وەک فەیلەسوفێکی رەخنەگر هەوڵدەدات کێشەکان لە هەناوی دەسەڵاتی زاڵ واتە سەرمایەداریدا شی بکاتەوە و هەندێ کەرەستەی تازەی تیۆری بەدەستەوە بدات. ئێمە پێمانوایە تێورە زانستییەکانیش وەک هەر بابەتێکی تر بە ئایدیۆلۆژی دەبن و دەبێ لەم نێوەندەدا، لەگەڵ کێشە سیاسی و ئابوورییەکاندا تیۆرەکانیش جارێکی تر خوێندنەوەیان بۆ بکرێتەوە، بەیارمەتی ژیژەک هەوڵماندواە، گوتاری زاڵ بدۆزینەوە و ئەلتەرناتیڤە تیۆریەکەشی بخەینەڕوو.

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئایا سیاسەت لە جەهەری خۆی دا لە سەر چی دامەزراوە؟ و لەسیاسەتخستن دەکەوێتە کوێی ئەمەوە؟ بایۆ-دەسەڵات و دەسەڵاتی تەکنۆکراسی

چۆن پەیوەندی نێوان خەڵک و دەســەڵات دیاری دەکات؟ ئایا ململانێی و ئەنتاگۆنیزمی ناوەکی کۆمەڵگا کرۆکی ســیاســەتە یان ســازان و کۆدەنگی؟ توندوتیژی و ســیاســەتی ترس چۆن کاریگەری لەسەر جەوهەری سیاسەت دادەنێن؟

گفتوگۆی سـەرەکی توێژینەوە ئەوەیە کە ململانێی چینایەتی لە رەهەندە ئابوورییەکەیدا جەوهەری سیاسـەتە وەک پرۆسـەیەکی دیالێکتیکی، بایۆ-سیاسـەت و دەسـەڵاتی تەکنۆکراسـی لە سیسـتەمی سـەرمایەداریدا بە یارمەتی هەندێ بنەمای فەلسـەفەی پۆسـت مۆدێرنە، هەوڵدەدات لە رێگای بەکولتوریکردنی سیاسـەت و زاڵکردنی شـوناسـگەرایی، بوارەکە لەسیاسـەت بخات و "دیمۆس"یش وەک جەوهەری سیاسەتی دیموکراتی پەراوێز بخات.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، لێرەدا پشتمان بەستووە بەمیتۆدی شیکاری-ئاوێتەیی و رەخنەیی، هەروەها بە سوودوەرگرتن لە هەردوو رێبازی رەخنە لە ئایدیۆلۆژیا Critique Ideology و شیکردنەوەی گوتار Discourse Analysis، توێژینەوەکە هەوڵدەدات پەیامەکانی گوتاری باڵادەست و دەسەڵاتی هەژموونی شی بکاتەوە.

## بەشی یەکەم: ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری و بایۆ-سیاسەت

### 1 – ئایدیۆلۆژیا و واقعیەت

ئەو کێشـانەی لەماوەی بیسـت سـاڵی رابردوودا لە وێرانکردنی سـروشـت و شـەڕێ ناوخۆیی وهەرێمایەتی و تەنگژە و قەیرانە جیهانییەکان و کێشـە تەندروسـتی و ژینگەیەکان رووبەڕووی مرۆڤایەتی بووتەوە جارێکی تر لۆژیکی سـەرمایەداری و نیولیبراڵیزم و شـێوازی مامەڵەی لەگەل سـروشـت و ژینگە خسـتوەتە ژێر پرسـیار. هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا و گوتاری باڵادەستدا مانای تایبەتیان بۆ دەکرێت و راڤە دەکرێن، هەربۆیە رەخنەی ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت هەندێ دەرگا بکاتەوە و ئەمەش بە ئاراسـتەی راسـتی ئەم بیرۆکەیە دەچێتە پێش کە فریدریک جیمسـۆن و ژیژەک وەک یەک قسەی لەسەر دەکەن و پێیانوایە لە سەردەمێک دا دەژین کە «وێنای کۆتایی جیهان، زۆر ئاسـانتر لە کۆتایی سـەرمایەداری قبوڵ دەکرێت» (دی بوئن، ٣،٢٠١٩). ئایا ئەمە پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟ بە خودی واقیع یان بە شێوازی خستنەڕووی واقعییەتەوە؟ و هەر لێرەوەیە یەکێک لە پرسـیـارە جەوهەرییەکـانی ژیژەک ئەوەیە بۆچی وێنـاکردنی گۆڕانی بونیـادی لە سـیسـتەمی

کۆمەڵایەتی-سـیاسـی و ئابووری سـەرمایەداری وەک ئەگەرێکی نەکردە تەنانەت لە خەیاڵیشـدا ناگونجێت؟ ئایا ئەمە پەیوەسـتە بە «کێشـەی بنبەسـتی رواڵەتی "خەیاڵی سـیاسـی" و لە ئاکامدا داخرانی رێگای گۆڕانی راستەقینەیە؟» (Carew,2011,1) . یان رەگەکانی بۆ هەندێ فاکتەری قوڵتری سایکۆ-سۆسیۆلۆژی و سیاسەتی باڵادەست دەگەڕێتەوە؟ ئەم تێڕوانینە کە دەتوانین وێنای هاتنی بوونەوەری گەردوونی و داگیرکردنی گەردوون و کۆتایی هاتنی دونیا بکەین، بەڵام سـەرمایەداری و لۆژیکی بەرهەمهێنانی سـوودگەرایانە بە ئەبەدی بزانین، ژیژەک بە کارایی "ئایدیۆلۆژیا" و کاریگەری لەسەر رەنگرێژکردنی"واقعییەت" دەبەستێتەوەو کە بەجۆرێک دەستکاری بونیادی واقعییەت دەکات، کە لە دیدگای بەرانبەرەکانی دا وەک حەقیقەتی ژیان خۆیا نمایان بکات، ئەمەش تەنیا لە سەر ئاستی سـیمبۆلی جیهانی گریمانەیی ئەنجام نادات، بەڵکو ئەم دەسـتکارییە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری زبروزەنگە و هەربۆیە لە دیدی رێبازی رەخنەی ئایدیۆلۆژی، سەرمایەداری لە هەناوی خۆیدا توندوتیژی هەڵگرتووە، کە پەیوەسـت نییە بە نیەتی شـەرەنگێزانەی تاکەکان، بەڵکو بابەتێکی بێناونیشـانە و لە هەموو شـوێنێک ئامادەیی هەیە بێ ئەوەی بە تەواوی سـنوورەکانی دەسـت نیشـان بکرێت. ژیژەک سەبارەت بە رۆڵی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری لیبراڵ جەخت دەکاتەوە کە نەک هە ر تێگەیشتنی ئێمە بۆ جیهان ئاراسـتە دەکات بەڵکو، بۆ پەیوەندی نێوان بینراو/ نەبینراو و وێناکراو/وێنانەکراو دیاری دەکات و ماتریسـێک دروسـت دەکات کە هەموو جۆرە گۆڕانێک لەم پەیوەندییەدا رێک و هەموار دەکات، فلتەرێکە کە ئەگەری بینینی سیسـتەمێکی باشـتر لەناو دەبات. (دی بوئن، ٢٠١٩، ٢) ئاشـکرایە لێرەدا جیـاوازی هەیە لە نێوان واقعییەت و واقع بە مـانـا لاکـانییەکەی. «یەکەمیـان واقعییەتی کۆمەڵایەتی مرۆڤی واقعیە کە دەرگیری پرۆسـەی بەرهەمهێنـان و مـامەڵەی کۆمەڵایەتیە، ئەوە لە کاتێک دایە کە واقع لۆژیکی رەق و ئەبسـتراکت و تارمایی ئاسـایی سـەرمایەیە کە رەوتی دۆخ و شـتەکـانی واقعییەتی کۆمەڵایەتی دیـاری دەکـات» (ژیژک، ١٣٩٨، ١٤٧). هەربۆیە ژیژەک ئـابووری سەرمایەداری وەک "بواری واقعی the Real" لاکانی پێناسە دەکات. هەمیشە واقع باڵادەستە بەسەر واقعییەتدا و هەر بۆیە مانەوە و سوڕانی پارە و سەرمایە، بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی واقعییەتی پڕ لە گرفت و ئاسـتەنگی تاکەکاندا ئەولەویەتی پێدەدرێت و ئەمەش وادەکات سـیسـتەمەکە لە رێگای توخمی ئایدیۆلۆژییەوە بەردەوام پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات. ئەمە بەو مانایە نییە کە تەنیا بە زانینی ئایدیۆلۆژیی بوونی سیستەم و سوڕی خودسەنتەری سەرمایە لە بازاڕی جیهانیدا دەتوانرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میکانیز وردەکانی سیستەمەکە بدۆزرێنەوە، چونکە ماهیەتێکی تەواو ئەبستراکتی وەرگرتووە و کە روخسارێکی نادیار و چوارچێوەیەکی بەردەوام گۆڕاوی هەیە و لە تاکەکەسە واقعییەکان جیابووەتەوە. (Carew,2018, 4) هەر بۆیە ئەمڕۆ لۆژیکی بەردەوام بوونی سیاسەتی نیولیبراڵی جیهانی و رێبازی سوودگەرایی کە بەشێکی گەورەی ئابووری لیبیدۆیی سەرمایەداری دابین دەکات پرۆسەیەکی تەواو بەئایدیۆلۆژیکراوە، لەسەر ئاستی جیهانی دا کەوتووەتە بەردەم رەخنەی جدی و هەوڵدەدرێت میکانیزمەکانی باڵادەستی و شێوازەکانی خۆبەرهەمهێنانەوەی شی بکرێتەوە.

## 2 – بایۆ-دەسەڵات و سەرمایەداری گلۆباڵ

یەکێک لەو چەمکانەی فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤) دەیخاتە ناو فەلسەفەی سیاسییەوە چەمکی بایۆ-دەسەڵات bio-power یان ئەو دەسەڵاتەیە کە چاودێرە بەسەر ژیاندا لە رێگەی تەکنیکەوە. لە روانگەی ئەو، میکانیزمەکانی دەسەڵات لە دوای سەردەمی کلاسیک و سەرەتای مۆدێرنەی ئەوروپا لە دەسەڵاتی سەپاندنی مەرگی پاشاوە بەرەو دەسەڵاتێک گۆڕانی بەسەرداهات کە هێزبەخش وردبین و چاودێر و رێکخەری هێزەکان بوو، واتە دەسەڵاتێکی تایبەتمەند بۆ بەرهەمهێنانی هێزێکی دیاریکراو بۆ گەشەپێدان و رێکخستن، نەک سڕینەوە و نەهێشتن و وێرانکردن و ئەمەش بریتییە لە بایۆ-دەسەڵات. (فوکو، ١٩٩٠، ١٣٩) لای فۆکۆ بایۆ- دەسەڵات، ژیان و میکانیزمەکانی هێنایە ناو پانتایی ژماردنی ئاشکراوە و مەعریفە/ دەسەڵاتی، کردە فاکتەری گۆڕانی شێوازی ژیانی مرۆیی، مرۆڤی مۆدێرن ئاژەڵێکە کە سیاسەت، وجودەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە (رابینوا و دریفوس، ١٣٨٢، ٢٤٤). هەر بۆیە لە دیدی ئەو دەسەڵاتی مۆدێرن واز لە مۆدێلی سەروەری دێنێت و مۆدێلی تەمێکاری (التئديبي) لە شوێنی دادەنێت، کاتێک کە بایۆ-دەسەڵات سەرهەڵدەدات، کاتێک ژیان دەسەپێنێت و ئیدارەی دەکات و ئەمەش واتە ژیان خۆی دەبێتە بابەتی سیاسەت. (دولوز، ١٩٨٧، ٩٩) بەم جۆرە دەسەڵاتی مۆدێرن بەپێی سروشتی ناوەکی خۆی بە شێوەیەکی چالاک و کاریگەر بڵاو دەبێتەوە و لە هەموو پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا ئامادەیی دەبێت، واتە لە یەک سیاقی کۆمەڵگا دا نامێنێتەوە، بەڵکو بەرهەمی  وردە دەسەڵاتەکانە کە بەناو کۆمەڵگا دا شۆڕبووەتەوە. هەر وەک دۆلۆز ئاماژەی بۆ دەکات پەیوەندی رایەڵەیی لە نێوان  هێزە یەکجار زۆرەکاندا هاوکات و لە شوێنی بێشماریش بوونی هەیە. (١٩٨٧، ٨١) ئەمەش واتە دەسەڵات دەچێتە ناو وردترین پنتەکانی ژیان و کۆنترۆڵی دەکات و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانێ ستراتیژەکانیشی دیاری بکات، هەر بۆیە دەبێتە فۆرمێکی مەترسیدار بەسەر سەری مرۆڤەوە، بەتایبەتی کاتێ سـەرمایەداری مرۆڤ لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی بازاڕ دا ڕێکدەخات، ئەمەش لەسەردەمی بەجیهانیبوون و ئابووری گلۆباڵدا، کە مرۆڤ وەک کەرستەیەکی ئابووری سەیر دەکرێت، باشتر خۆی دەنوێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتی نوێشی تێدایە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری.

بۆ ڕەخنەگرتن لە سـەرمـایەداری گلۆبـاڵ، (ئەنتۆنیۆ نیگری و مـایکـڵ هـارت) لە هەر دوو کتێبی **ئیمپڕاتۆریەت** The Empire و **ئاپۆڕا** Multitude لە دیدێکی مارکسیستی، ڕوانگەی خۆیان بۆ جیهانی هاوچەرخ دەخەنەڕوو و هەندێ دەرفەتی پۆزەتیڤ لە هەناوی سیستەمی نوێی جیهانی پێشدەخەن کە دەشێت هێزی گۆڕانکاری دروست بکەن و ژیژەک ئەمە بە مانیفێستی کۆمۆنیزم بۆ سەدەی بیست ویەک ناوزەدی دەکات. لە کتێبی ئیمپڕاتۆریەتدا، گریمانەی سـەرەکی ئەوەیە ئەمڕۆ لەسـەردەمی بەجیهانیبووندا سـەروەری فۆڕمێکی تازەی وەرگرتووە، ئەم فۆڕمە نوێیە ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵێک ئۆرگانیزمی نەتەوەیی و بان نەتەوەیی کە لە دەوری یەک لۆژیکی فەرمانڕەوایی یەکدەگرن و هیچ ناوەندێکی نییە، ئێستا وەک سـەردەمی مۆدێرنە فۆڕمی دەوڵەت-نەتەوە فۆڕمی باڵادەسـت نییە، بەڵکو دەسـەڵات ئاوێتەیەکە لە تۆڕی وردە-دەسـەڵات micro-power و ئەمەش واتە ئیمپڕاتۆریەت؛ بەمانای سیستەمێکی شل و فراوانخواز، کە بەتەنیا هیچ کەس یان کۆمپانیا و دەوڵەتێکی نەتەوەیی کۆنترۆڵی نـاکـات و تەواو جیـاوازە لە ئیمپریـالیزم کە بریتی بوو لە هەژموونی دەوڵەت- نەتەوەی ئەورووپی بەسەر جوگرافیاکانی تردا. (هارت و نیگری، سەرچاوەی پێشوو، ٢٦) لەدیدی ئەوانەوە «چیتر دەسـەڵاتی ئیپمڕاتۆری نـاتوانێـت ململانێی هێزە کۆمەڵایەتییەکـان لە ڕێگـای پلانی نێوەنگیری چارەسـەربکات کە لەسـەر بنەمای گۆڕینی مەرجەکانی ململانێ دامەزراوە، ململانێ کۆمەڵایەتییەکان کە دیاریکەری ئەو شتانەن کە سیاسین، خۆیان ڕاستەوخۆ وەڵامدەرن بەبێ پێویستی هیچ شێوازێکی نێوەندگیری» (هاردت ونيغري، ٢٠٠٢، ٥٥٩). ئەمەش بە مـانـای کرانەوەی دەرفەت و ئەگەری فراوان بۆ بەشـداری هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری سـیاسـیدا. لێرەدا ئیمپڕاتۆریەت تەنیا میتافۆرێک نییە بۆ بەراوردکردنی بە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی، بەڵکو چەمکێکە بۆ گوزارشـت لە سـەرمایەداری ئابووری بە جیهانیبوو کە هیچ سـنوور و سـەرحەدێکی نییە، هەرچەند هێزی گەورەی وێرانکردن و سـەرکوتی هەڵگرتووە، بەڵام هاوکات دەرفەتی نوێی بۆ هێزە زۆر و بێشـومارەکان دروسـت کردوە، ئەگەرچی لە لایەک کۆڵەگەی ئیمپڕاتۆریەتن، بەڵام لە لایەکی تریشـەوە دەتوانرێـت وەک دژە-

ئیمپڕاتۆریەت و وەک بکەری سیاسی دەربکەون. لە کتێبی ئاپۆڕا ئەو ئەلتەرناتیڤە زیندووە دەکەنەوە کە لە هەناوی ئیمپڕاتۆریەتدا سەرهەڵدەدات، ئەویش بریتییەلە لە هێزی یەکجار زۆری ئازادیخوازان لە سەر ئاستی جیهانی وەک رای گشتی جیهانی لەبەرانبەر دەزگا و دامەزراوە فەرمییە کۆنەکان.

## 3 – وردە-سیاسەت و سەرمایەداری کارەسات

هارت و نیگری جەخت دەکەنەوە، بەپێچەوانەی تۆماس هۆبز( ١٥٨٨-١٦٠٨ ) کە لەسەرەتای مۆدێرنەدا لە کتێبی دیسیڤۆ De Cive یان "هاووڵاتی" کە ماهیەتی جەستەی کۆمەڵایەتی و فۆڕمەکانی هاووڵاتیبوونەکەی گونجاو بوو لەگەڵ بۆرژوازی ئەو کات، بەڵام ئەم چینە نوێیە نەیتوانی نەزمی کۆمەڵایەتی بە یارمەتی هێزی خۆی بپارێزێت، هەربۆیە رووی کردە لیڤیاتان Leviathan وەک هێزێکی سیاسی رەها، وەک دێوەزمەیەکی زەبەلاح کە دواتر لە شکڵی دەوڵەت-نەتەوە بە هەموو ئەوروپادا بڵابووە، ئەمان بە پێچەوانەوە لە بەرەبەیانی پۆست مۆدێرنەدا لە ئیمپڕاتۆریەتەوە بەرەو ئاپۆڕا یان جەماوەر هەنگاویان ناوە. (نگری و هارت، ٢٠١٢، ١٦) ئەمەش گوزارشتە لە دیدگای پۆزەتیڤ و گەشبینی ئەوان بۆ دەرفەتاکانی ناو هەناوی سیاسەت لە ئیستادا، بەبەراورد بە روانگەی رەشبین و نەرێیانەی هۆبز بۆ سەردەمی خۆی. لای هارت و نیگری رژێمی بایۆ-دەسەڵات تەنیا توانای وێرانکردنی نییە، بەڵکو فۆرمی توندوتیژی تاکەکەسیش بەخۆیەوە دەگرێت و کاتێ ئەم توندوتیژییە دەبێت بە تاکرەوی ئینفرادی، ئەوا دەبێت بە دەسەڵاتی ئەشکەنجە، ئەمەش بابەتی سەرەکی کۆمەڵگای کۆنترۆڵە. (هارت و نیغري، ٢٠١٥، ٦٩) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وردە سیاسەت micro-politics پانتایی فۆرمیولەکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و حەزە، کە میکانیزم و دینامیکیەتی هەم بەهێزکەر وهەم وێرانکەری ئەو چەمک و دەستەواژانەن کە بەشی هەرە زۆری ژیانی ئێمە لە ئاستی مەزنە سیاسەت macro-politic پێناسە دەکەن. (وایدر، ٢٠٢٠) پانتایی وردە- سیاسەت دەتوانین بە پانیاییەک لە قەڵەم بدەین کە سیاسەت و ئەخلاق لە رێگای کردەی فۆرمیولەبوونی خودەوە بەیەکدەگەن. پەیامێک بوونی هەیە بە ناوی پەیامی وردە سیاسەتی فۆرمیولەکردنی خود وەک ئاژەڵێکی سیاسی، بوونەوەرێک کە وێرای گرنگی پێناسەکەی ئەرستۆ بۆ مرۆڤ وەک zoon poliitikon دەبێ بڵێین ناتوانێ لە دوورەپەرێزی و تەنیاییدا بوونی هەبێت و لە هەناوی تۆڕی زمانی و کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت. (بل، ٢٠٢١) ئەمەش سیاسەت دەباتەوە ناو لایەنە ئۆنتۆلۆژییەکەی مرۆڤ بە پێچەوانەی کانت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە سیاسەتی تەنیا لە پراکتیک یان پراکسیسی ماف یان کۆمەڵێک مەرجی دیاریکراوی ئەخلاقی دا پێناسە دەکرد. (غاستاردی، ٢٠١٠، ١٣٣) بەڵام هاوکات ئاگاداری وردەکاری میکانیزمەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداریشن.

ژیژەک هەنگاوێک لەمە قوڵتر کێشەکە دەبینێت و لای ئەو بەشێوەیەکی گشتی کێشەی سەرەکی جیهان لە دیاردەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکو پێیوایە سەرچاوەیەک هەیە کە کۆی کێشە جیهانی و لەوێشەوە قەیرانە ناوخۆییەکانی لێوە دەردەچێت، ئەویش سیاسەتی سەرمایەدارانەیە. ئاگاداری ئەوەیە کە هەمیشە لەسەر ئاستی دەوڵەت بەشی زۆری لایەنگرانی لیبراڵیزم جەخت لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی (شار) Urbi دەکەنەوە، بەم جۆرە سیمای Orbi (جیهانی)[**] کێشەکان کە سەرچاوەکەی بۆ کاریگەرییەکانی سەرمایەداری جیهانی دەگەڕێتەوە لەیاد دەکەن، ئەوە لە کاتێک دایە کە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان بازاڕی سەرمایەداری و قەیرانەکاندا هەیە و بەجۆرێک کە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەی بە خەونی سیستەمی نیولیبراڵ، دەستکاری هەیکەلی ئیداری و سیاسی خۆیان کردووە زیاتر بەرەو پۆپۆلیزمی راستگەرا رۆیشتوون و سیاسەت بە مانا تایبەتیەکەی بەرەو پوکانەوە چووە. (ژیژک، ١٣٩٨، ٦٠-٦١) ئەمەش وایکردووە قەیران لە ئاستی ناوخۆیی و جیهانیدا ئاوێتەی یەکتر بێت و نەک چارەسەری، بەڵکو بەڕیوەبردن و وەبەرهێنان تێیدا ببێت بە جۆرێک لە سیاسەتی زاڵ.

لەم سۆنگەیەوە **نوامی کلاین** بە توێژینەوە لەسەر رووداوە ئابوورییەکان ئاماژە بە خراپ بەکارهێنانی قەیرانەکان دەکات بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆژە ی ئابووری راستگەراکان، قەیران و شۆک و ترس لەدوای هەمووو کارەساتێکی سرووستی و مرۆیی کە دەبێتە هۆی دروستکردنی بۆشایی کۆمەڵایەتی، زەمینە خۆشدەکات بۆ سوودخوازی و دەرفەتی لەبار بۆ بازاڕ و کۆمپانیا گەورەکان «لە پێناو ئەندازیاری کۆمەڵگا قەیراناوییەکان، واتە هێرشی هەماهەنگ بۆ تێکدانی پانتایی دەوڵەتی (گشتی) ئەمەش لای ئەو واتە "سەرمایەداری کارەساتDiaster Capitalism" » (Klein,2007 ,135). کلاین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چۆن بازرگانە گەورەکان بەتایبەتی لە کەرتی خانوبەرەدا، چاوەڕوانی دەرفەتی وەک تسۆنامی و گەردەلول و بومەلەرزە و ئاگرکەوتنەوەن بۆ وێرانکردنی جیهانی ژینی هاووڵاتیان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان، بە تایبەتی قوتابخانە بۆ ئەوەی بە خێرایی بیخەنە ژێر چنگی کەرتی تایبەت. لە روانگەی ئەو قەیران و شۆک یەکتر تەواو دەکەن کە تیۆریسیەنە راستگەراکانی نیولیبراڵیزم جەختی لەسەر دەکەنەوە؛ بۆ نموونە ئابووریناسی نیوکۆنسێرڤاتیڤی وەک میلتۆن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فریدمەن*** پێیوایە تەنیا قەیران -جا چ قەیرانێکی راستەقینە یان رووداوێک کە بەراست یان ناڕاست وەک قەیران سەیر بکرێت- گۆڕانکاری راستەقینە دێنێتە ئاراوە، ئەمەش واتە قۆستنەوەی هەموو قەیران و کارەساتێک بۆ سوودی زەبەلاح لە چوارچێوەی بازاڕی ئازاد، هەر بۆیە لە دیدی ئەو هەموو ناونانە ئایدیۆلۆژیەکانی وەک نیولیبراڵیزم یان نیو کۆنسێرڤاتیڤیزم و بازاڕی ئازاد و بەجیهانیکردنی ئابووری لەسەر سێ تەوەر دامەزراوە: (کلاین، ١٣٨٩، ٣٥ -٣٧)

١-لەناوبردنی پانتایی گشتی یان دەوڵەتی ٢-ئازادکردنی کاری کۆمپانیاکان ٣-کەمکردنەوەی خەرجی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بەڕادەیەک کە دەوڵەت تەنیا ئێسقانی دەمێنێتەوە.

بەرەنجامی ئەم وردە-سیاسەتەش دواجار هاوپەیمانییەکی بەهێزە لە نێوان کۆمپانیا گەورەکان و چینێک سیاسەتمەداری دەوڵەمەند، ئەوە جگە لەوەی سنووری نێوان ئەم دوو گرووپە ناروونە و بەردەوام گۆڕانی بەسەردادێت. ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمپانیاگەرا corporatist دێتەدی کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی بریتییە لە گواستنەوەی سامان لە کەرتی گشتی بەرەو کەرتی تایبەتی بەڕادەیەکی یەکجار گەورە کە دواجار تەنیا قەرزدارییەکی گەورە بۆ دەوڵەت دێنێتەئارا و کەلێنی نێوان دەوڵەمەندە بەرپرسە بەزەبر و شاهانەکان و هەژارە دەرکراوەکان بەرفراوان دەکات (کلاین، ١٣٨٩، ٣٦). بۆ داپۆشینی کەلێنی کۆمەڵایەتیش پۆپۆلیزم و بەکارهێنانی هەستی ئایینی و نەتەوەپەرستییەکی شەڕخوازانە دەبێتە پاساوە بۆ خەرجی لەبن نەهاتووی بواری ئەمن و ئاسایش و ناکارایی دەوڵەت لە ئاست چاوەڕوانییەکانی هاووڵاتیان.

## بەشی دووەم: بایۆ-سیاسەت و دەسەڵاتی تەکنۆکراسی

### 1 – دەسەڵاتی کۆنترۆڵ و دیسیپلین

ژیژەک لە توێژینەوەکانی خۆی دا لە سەر چەمکی سیاسەت وەک بوارێکی ئیشکالی هەناوی سیاسەتی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی بایۆ-سیاسەت بە مانا فۆکۆییەکەی. فۆکۆ لەتوێژینەوە ئارکیۆلۆژی و جینالۆژییەکانی سەبارەت بە دەسەڵات و مەعریفە هەوڵیداوە لە رێگەی رێبازی شیکاری خۆیەوە رەوتی گۆڕانی فۆڕمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای دیسپلینییەوە بەرەو کۆمەڵگای کۆنترۆلی دەستنیشان بکات و یەکێک لەو چەمکانەی کە پێیوایە لەگەڵ مۆدێرنە لەکۆمەڵگای رۆژئاواییدا سەرهەڵدەدات بایۆ-سیاسەتە. بایۆ-سیاسەت Bio-Politics بریتییە لەبواری یەکتربڕینی بایۆلۆژی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەت و گوزارشتە لە بەڕیوەبردنی ژیان و دانیشتوان، فۆکۆ دەڵێت: «زەمانەتی ژیان و پاراستن و دووهێندەکردنی لە پێناو رێکخستنی ژیان» (Laurence, 2020). لە رونگەی ئەو هەژموونی دەسەڵاتی چاودێر بەسەر ژیاندا، لە سەرەتای مۆدێرنە دوو شێواز وەردەگرێت، یەکەمیان؛ جەختکرن لەسەر جەستە وەک ئامراز، بەمەبەستی پێگەیاندن و ئاوێتەکردنی لەگەڵ سیستەمی چاودێری چالاکی ئابووری کە بە ئەناتۆمی-سیاسەت Anatomo-Politique ی جەستەی مرۆڤ ناسراوە و دووەمیان؛ لەسەر سیاقاتی بایۆلۆجی دامەزراوە کە بە هۆی کۆمەڵێکی گەورە لە دەستێوەرادن و چاودێری دیسپلینی بایەخی پێدەدراوە و بە بایۆ-سیاسەتی دانیشتوان ناوزەد دەکرێت. (فوکو، ١٤١،١٩٩٠) کەواتە «بایۆ-سیاسەت واتە بەعەقڵانیکردنی کێشەکانی حوکمڕانیەت کە تایبەتن بە دیاردەکانی بوونەوەری زیندووی وەک دانیشتوان و تەندروستی و پاکوخاوێنی و لەدایکبوون و تەمەندرێژی، نژاد لە چوارچێوەی لیبراڵیزمدا». (فوکو، ٢٠١٨، ٣١٥) بەم جۆرە لە هەناوی سیاسەتی مۆدێرندا بایۆ- سیاسەت سەرهەڵدەدات و ژیانی دانیشتووان و لەناوبردنی دەبێت بە پاشکۆی هەڵبژاردنی سیاسی و بەم چەشنە دانیشتوان هیچ نین جگە لەو شتەی کە "دەوڵەت لە پێناوی خۆیدا گرنگیان پێدەدات"، هەر بۆیە دەوڵەت دەتوانێت بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی جێگۆڕکێیان پێبکات یان بەژێر نووکی چەقۆدا تێپەڕیان بکات. (رابینوا و دریفوس، ١٣٨٢، ٢٤٨) لە روانگەی فۆکۆ ماهیەتی بایۆ-سیاسەت ژیانی کۆمەڵایەتی لەناوەوە رێکدەخات و ژیان دەبێتە بابەتی دەسەڵات و بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خودی ژیان لە هەناوی دەسەڵات دایە. تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ بایۆ-سیاسەت بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ماتریالیزمی مێژوویی تەنیا سەرخان نییە، بەڵکو پەیوەستە بە هەموو بونیادەکانی کۆمەڵگا، لە دامەزراوەی ئابووری و کولتوورییەکان و دەزگا دیسپلینییەکانی وەک قوتابخانە و زیندان و زانکۆ و کارگە و نەخۆشخانەکان و هتد، و لە ناو جەستە و مێشکی تاکەکان رەگ دادەکوتێت. ئەرکی بایۆ-سیاسەت قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە سارد و قەدەغە و حسێبکراو و ژمێردراو و بەعەقڵانیکراو و ئامرازین لە گەمەی رکەبەرایەتی ئابووریدا. (فوکو، ٢٠١٨، ٢٤٤) ئەوە جگە لەوەی شوێنی بایۆ-سیاسەت بریتییە لە زمان و پەیوەندی و پانتایی سیمبۆلی کە بەدەستی پیشەسازی پەیوەندیکاری دروست دەکرێت و پانتایی خەیاڵی کۆنترۆڵ دەکات، «خەیاڵی و سیمبۆلی لە تانوپۆی بایۆ—سیاسەتدا لێک گرێدەدات و نەک هەر دەیخاتە خزمەت دەسەڵاتەوە، بەڵکو لەناو خودی پیادەکردنی دەسەڵات دا ئاوێتەی دەکات». (نگری و هارت، ١٣٩١، ٧٦)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم شیکردنەوەیە بۆ بایۆ-سیاسەت لە راستیدا شیکردنەوەی گەشە و بەرفراوانبوونی لیبراڵیزمە کە لەسەر بنەمای دەزگای ئەمن dispotive de sécurité یان میکانیزمی ئاسایش mécanisme de sécurité دامەزراوە لە بەرانبەر یاسا و دیسپلین، و بریتییە لە حوکمڕانی لە نزمترین ئاستی خۆیدا کە "بازاڕ" سروشتەکەی دیاریدەکات. (بغورە، ٢٠٢١، ٤-٨) هەر بۆیە لیبراڵیزم «شێوازێکی پراکسیسە کە چاوی لەسەر ئامانجە و لە رێگای دووبارە گەڕانەوە بۆخۆی بەردەوام خۆی دەستکاری و هەموار دەکات». (فوکو، ٢٠١٧) ئەمەش لە چوارچێوەی گوتار و لە ئاستێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیدا، دەچێتەناو وردترین بوارەکانی ژیان و ئیدی دەبێتە دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵکار و ئامادە لەهەموو شوێنێک. ئەمەش بەتایبەتی لەسەردەمی رژێمی جەنگدا وەک بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کە بەسەر ژیان دا باڵادەستە پێناسەیەکی قوڵتر وەردەگرێ، کەواتە «بایۆ-سیاسەت لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و لە ریگای شێوازەکانی کاری هەرەوەزی و پەیوەندی و فۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت و بایۆ-دەسەڵات کەوتووتە سەروو کۆمەڵگا وەک دەسەڵاتی حاکم و باڵای سیستەم خۆی دەسەپێنێ». (نگری و هارت، ١٣٩١، ١٢٥)

بەم جۆرە لیبرالیزم و میکانیزمەکانی تۆڕی دەسەڵاتی زیندوو بەسەر ژیانی تاکەکان، دەبێە هۆی هێنانەئارای دەسەڵاتێکی دیسپلینی کە سنوورەکانی بایۆ-سیاسەت و رەوشی ئاوارتە (حالة الأستثناء) دیاری دەکات و دواتر هەر وەک جۆرجیۆ ئاگامبێن ئاماژەی بۆ دەکات بەرەو تناتۆ-سیاسەت Thanato-Politics یان سیاسەتی مەرگ دەڕوات، لە دیدی ئاگامبێن گرنگیدانی بە سیاسەت وەک گۆڕان لە پیادەکردنی بایۆ-دەسەڵاتەوە بۆ بایۆ- سیاسەت Bio-politics و دواتر بۆ تناتۆ – سیاسەت واتە سیاسەتی مەرگ لە میانی کۆکوژی یان چاککردنی وەچە و پاکتاوی رەگەزی و ئەشکەنجەوە دەبێت. (أغامبن، المنبوذ، ٨) و لە پێشخستنی هەر دوو چەمکی "بایۆ-سیاسەت" و "ژیانی رووت" Bare Life ئەوە روون دەکاتەوە چۆن خاوەن سەروەری لەگەڵ خۆیدا "دەسەڵات بە سەر ژیان" کۆنترۆڵ دەکات، لە رێگای حوکی ئاوارتە، چونکە دەسەڵاتێکە دەکەوێتە سەروو یاسا و ڕیسای دامەزرێنەر و جێبەجێکاریەتی. (أغامبین، ٢٠١٥، ٢٦) سەبارەت بە پەیوەندی نێوان توندوتیژی و یاسا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەسڵەتی توندوتیژی رەوشی سروشتی (بەمانا هۆبزییەکەی کە تێیدا مرۆڤ گورگی مرۆڤە) بە هیچ شێوەیەک لە بونیادی کۆمەڵگای مەدەنی ناسڕێتەوە، چونکە یاسا خۆی توندوتیژی پیادە دەکات، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسی و توندوتیژی خۆی بنەمای یاسایە، ئەرکی یاسا بریتیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هەڵبەزدابەز لە نێوان سڕینەوە و لکاندن (الاقصاء و الضم)، رەوشی ئاوارتە رێسایەکە لێواری نێوان دیموکراسی و ستەمکاری دروست دەکات. (هەمان سەرچاوە، ١٨-٢٦)رەوشی ئاوارتە و رەوشی سروشتی هیچ نین جگە لە دوو ڕووی یەک ئاراستەی تۆپۆلۆژی و بەجۆرێک ناوەوەی یاسا و دەرەوەی ئاوارتە ئاوێتەی یەکتر دەبێت کە دەبن بە رەوشی باڵادەستی سیاسی.

ژیژەک لە پرۆژە رەخنەییە رادیکاڵەکەی خۆیدا چەمکی گوتاری Discourse فۆکۆ دەگۆڕی بۆ چەمکی رەخنە لە ئایدیۆلۆژیا، هەر بۆیە لە دیدی ئەویش شێوازی باوی سیاسەتی ئەمڕۆ بریتییە لە شێوازی بایۆ-سیاسەتی bio- politics لە سەردەمی پۆست سیاسەتدا کە سیاسەتێکە بانگەشەی ئەوە دەکات ململانێ ئایدیۆلۆژییە کۆنەکانی تێپەڕاندووە و لە جیاتی ئەوان جەخت لەسەر شارەزایی (تەکنۆکراسی) ئیداری دەکاتەوە، ئامانجی یەکەمی بایۆ- سیاسەت و فۆڕمی زاڵێ پیادەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە کە لە سیاسەت داماڵراوە و بریتییە لە هەماهەنگردنی بەرژەوەندییەکان. (جیجک، ٢٠١٥، ٤٠-٤١) ئەمە ئەمڕۆ لە رووی پراکتیکیشەوە، واتە نەبوونی هیچ دیدگایەکی گۆڕانخوازی و بەهەندوەرگرتنی ململانێ ناوەکییەکانی کۆمەڵگا هەر بۆیە شانتاڵ موف "پۆست-سیاسەت" بە لێڵبوونی سنوورە سیاسییەکانی نیوان چەپ و ڕاست دەزانێت کە پەیوەستە بە ئاوێتەبوون و سازانی پارتە راست و چەپە میانڕەوەکان کە هیچ ئەلتەرناتیڤێکیان بۆ بەجیهانیبوونی نییو لیبراڵیزم نییە. (Mouffe, 2016)

## 2 - تەکنۆکراسی و ئیرادەی خەڵک

لە روانگەی ژیژەک بەهۆی گۆڕانی پارادایمی جیهانی، روخسارێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە، روخساری پسپۆری (دارایی و تەکنۆکڕات) کە بانگەشەی ئەوە دەکات بە شێوازێکی پۆست-ئایدیۆلۆژیا و بێلایەن، حکومەت (یان بەشێوەیەکی راستتر ئیدارە) بەڕێوە دەبات، بێ ئەوەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هیچ گروپ یان چینێکی دیاریکراو بکات. (ژیژک، ١٣٩٨، ٣٥) واتە ئیدی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی عاقڵی خاوەن ئیرادەی سیاسی کە لە رێگە زمان و ئایدیاکانییەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و هەوڵدەدات رۆڵی هەبێ لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆی، دەگۆڕێ بۆ کائینێکی بایۆلۆژی. لێرەدا هەردوو چەمک واتە بانگەشەی کۆتایی ئایدیۆلۆژیا لە کۆتایی مێژوودا و باڵادەستی تاکگەرایی یەکدەگرن و ژیژەک پێیوایە «ئاوەژوویی کۆتایی مێژوو ئەوەیە، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاکگەرایی توندڕەوانە وەک پاســاوی ئایدیۆلۆژیی دەســەڵاتێکی بێ کۆتوبەند ڕەفتار دەکات، کە زۆرینەیەکی گەورەی خەڵک، وەک دەسەڵاتێکی زەبەلاح و نەناسراو ئەزموونی دەکەن، دەسەڵاتێک کە بێ هیچ جۆرە چاودێرییەکی گشتی و دیموکراتی، ژیانی خەڵک کۆنترۆڵ دەکات». (ژیژک، ١٣٩٥، ١٧) گرفتەکە ئەوەیە ئەم بێلایەنەی دەوڵەت لەراســتیدا ســەرپۆشــێکی ئایدیۆلۆژییە، چونکە هەروەک ژیژەک دەڵێ بۆ نموونە لە پلانی ڕزگاری دارایی ٢٠٠٨ کە بانکی فیدڕالی ئەمریکی داینا لە چوارچێوەی "ململانێی چینایەتی" واتە "وۆڵ ستریت wall street لە دژی ماین ستریت main street" داڕێژراوە، چونکە بە ئاشکرا خەڵکی ئاسایی لە ماین ستریت باجی نابەرپرسیارێتی و چاوچنۆکی ئەو کەسانەیان دا کە لە وۆڵ ستریت سەرچاوەی قەیرانەکە بوون. (چیچیک، ٢٠١٥، ٢٠) ئەمەش کرۆکی بایۆ-سیاسەتی پۆست سیاسەتە کە ئەگەرچی جەخت لەسەر کۆنترۆڵکردنی ژیان و ئاسایشی هاووڵاتیان دەکاتەوە، بەڵام لە راســتیدا بریتیە لە ســیاســەتی لایەنگری لە بەرژەوەندی چینێک کە ســەرەڕای ئەوەی ستراتیژیەتی سوودخوازانەی ئەو سەرچاوەی قەیرانەکانە، بەڵام دەسەڵات بەردەوام لە رووی ئابووری و ســیاســییەوە هاوکارییەتی. هەروەک ژیژەک دەڵێت لە دوای قەیرانی دارایی ٢٠٠٨ تەنانەت ئۆباما ڕێکارە دیموکراتیەکانیشی پشت گوێ خست و باری لەناکاوی راگەیاند و پارەیەکی زەبەلاحی رژاندە ناو بانکەکان بە جۆرێک کە ئەم پارەیە بۆ کێشــەی راســتەقیەنە و "واقعی" خەرج نەکرا، بەڵکو لە بنەڕتدا بۆ نوێکردنەوەی و بۆژاندنەوەی متمانەی بازاڕ خەرج کرا، واتە بۆ گۆڕینی بیروباوەڕی خەڵک. (هەمان ســەرچاوە، ٩٠) واتە بۆ ئەوەی خەڵک ئیمان و بڕوایان بە بازار وەک پێوەری ئەبەدی پەیوەندییەکان لەق نەبێت و متمانەیان پێی بێت، ئەوە لەکاتێک دا بەپێی لۆژیکی سەرمایەداری بازاڕ ئازاد و سەربەخۆیە لە سیاسەت و دیموکراسی و گەلسالاری فۆڕمی باڵای حوکمڕانییە. بەم جۆرە لە دیدی ژیژەک ئێستا هەموو ڕێگا چارە ئابوورییەکان کە سیاسەتمەدارەکان بۆ قەیرانەکان دەیخەنەڕوو لە راستیدا «سەپاندنی مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی-ئابووری نوێیە بە بانگەشەیەکی جیهانییەوە: مۆدێلی تەکنۆکراسی لە سیاسەتخراو کە لە سایەیدا خاوەن بانک و پسپۆڕەکان دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدرێت دیموکراسی وێران بکەن». (ژیژک، ١٣٩٨، ١٧) ئێستا سەردەمی پیادەکردنی تەکنیکی ئابووری و دارایی و شارەزاییە لە ژمارەکان کە خاوەن بانک و ئابووریناسەکان تێیدا باڵادەستن، بەڵام لەراستیدا ئەوە لەگەڵ کرۆکی دیموکراسیدا ناتەبایە کە بڕیار وابوو نوێنەرانی گەل کە ئیرادەی خۆیانیان پێبەخشیون ســیاســەت وەک بڕیادان لەســەر چارەنووس پیادەبکەن لە فەزی گشــتیدا. لە روانگەی ژیژەکەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربەخۆیی بانکی ناوەندی هێمای پەیڕەوی کردنە لە "هەنگاوی ریازەتی" کە لەلایەن جیهانی نیبو لیبراڵ و سندوقی نێودەوڵەتی دراو IMF دەسەپێنرێت و مافی دیموکراتی بەمانا باوەکەی و سیاسەتی ئابووری نیبو لیبراڵ دوو ڕوی یەک دروان. (هەمان سەرچاوە، ٦٤) سەربەخۆیی بانکی ناوەندی لە رووی داراییەوە لە دەسەڵاتی سیاسی، وەک ناوەندێک کە سیاسەتی درواى دادەڕێژێت لە ئەفسانەیەک زیاتر نییە، بۆ نموونە دەستکاریکردنی نرخی دیناری عێراقی لە بەرانبەر دۆلار بە فەرمانی بانکی ناوەندی، بە پلەی ئیمتیاز بریارێکی سیاسییە و راستەوخۆ بڕینی مووچە و بردنی سەرمایەی خەڵکە بە ئاراستە دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسی کە دواجار هەمان بانکەکانی کەرتی تایبەت سوودمەندی سەرەکی دەبن.

### 3- پۆست-سیاسەت و کردەی سیاسی

لێرەدا جارێکی تر پەیوەندی نێوان دەسەڵات و مەعریفە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دێتەئاراوە بە تایبەتی لە روانگەی لاکان کە بە پێچەوانەی فۆکۆ جەخت لەسەر جیابوونی نێوان مەعریفە و دەسەڵات دەکاتەوە. لاکان پێیوایە لە سەردەمی ئێمەدا مەعریفە گەشەیەکی ناهاوتای هەیە لەگەڵ دەسەڵات و دەرەنجامەکانی کار دەکەنە سەر دەسەڵات. ئەو رای وایە ئێمە بەردەوام شتی زیاتر دەزانین بێ ئەوەی بتوانین کارێک بکەین و لێرە دا پرسەکە پرسی "زانین" نییە بەڵکو پرسی "کردە act"یە. واتە چۆن ئەمە بخەینە ژێر فەرمانی دالێکی گەورە، ئەم دالە دەسەڵاتێکی سیاسی هەڵبژێردراو بێت یان نوخبەیەکی ئابووری. (آگامبین و دیگران، ١٣٩٥، ١٥٨) بەڵام پێویستە جەخت لەسەر ئەم خاڵەش بکرێتەوە کە لە سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاریدا کواڵیتی زانین لە پرسەکانی کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزی و تێکچڕژاو دا زۆر گرنگە کە بەشێکی ئاڵۆزییەکەی رەگەکەی بۆ ئابووری دەگەڕێتەوە کە خۆی ناداتە دەست شەفافییەت. ئەوە جگە لەوەی هەمیشە وەڵامی ئامادە بۆ قەیران و پرسە جدییەکان لە ئارادایە کە نایەوێت کێشە سەرەکییەکان بەباشی ببینرێت، هەر بۆیە لە روانگەی ژیژەکەوە دەبێ ئەوروپا لەدەست رزگارکەرەکان ئەوانەی لە کاتی قەیرانە قوڵە ئابووریەکان سەردەردێنن رزگار بکرێت واتە لە دوو باڵی سیاسی «نیبولیبراڵەکان کە دەرمانی ریازەتی ئابووری رەواج پێدەدەن و پۆپۆلیستە دژە کۆچبەرەکان، کە هەموو قەیرانەکان دەبەستنەوە بە لێشاوی کۆچ و پەنابەرییەوە». (جیجیك، ٢٠١٣، ٢٢) لە روانگەی ژیژەکەوە ئەو کەسانەی دیزاینەری قەیرانی دارایی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠٠٨ بوون ئێستا لە دەرەوەی دەزگا هەڵبژێردراوەکانی وەک پەرلەمان دەبن بە رزگاریبەخش و لە جیاتی ئیرادەی گەل و پشت بەم «تێگەیشتنەی هانس تیتمایر سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندی ئەڵمانای دەبەستن کە ستایشی حکومەتە نیشتمانییەکان دەکات کە ئەفزەڵییەتیان دا بە گەڕانەوەی بەردەوامی بازاڕە جیهانییەکان بۆ رای گشتی نەک گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ رای گشتی لە رێگای سندووقەکانی هەڵبژاردنەوە». (Žižek, 2014) واتە بەهۆی ئامادەیی بازاڕ لە ژیانی خەڵک و پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ خەڵک، بازاڕ باشتر لە خواست و داواکارییەکانی خەڵک تێدەگات، نەک دەزگا و دامەزراوە فەرمییەکان و بە تایبەتی ئیرادە دەربڕینی هاووڵاتیان لە رێگای هەڵبژاردنەوە، ئەمە کرۆکی سیاسەتە بەمانا تەکنۆکراسییەکە کە لە روانگەی ژیژەکەوە کە داماڵینی سیاسەتە لە ناوەرۆکی خۆی و بەر لە هەموو شتێ بەپێی لۆژیکی بازاڕی ئازاد دیزاین دەکرێت، لۆژیکێک کە ئایدیۆلۆژیاکەی لەسەر گوتاری ئاسایشی هاووڵاتیان دامەزراوە کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە سیاسەتی لە جەوهەرخستن و پاککردنەوە لە ماهییەت. هەروەک چۆن ئەمڕۆ لە بازاڕدا زنجیرەیەک بەروبومی پاککراو لە زیان دەدۆزیتەوە: قاوەی بێ کافاین، خامەی بێ چەوری و بیرەی بێ کحول و ... لیستەکە بەردەوام دەبێت.. جەنگی بێ جەنگ و پێناسەکردنی سیاسەت وەک هونەری بەڕێوەبردنی شارەزایی واتە سیاسەتی بێ سیاسەت تا دەگاتە فرەکولتوورگەرایی لیبراڵیزمی لێبوردە بەو پێیەی شارەزابوونە لە ئەویتری لەئەویترخراو. (چیچیک، ٢٠١١، ١٤) بەم جۆرە بەرهەمەکە لە جەوهەری خۆی دادەماڵرێت، هەر وەک چۆن لە پانتایی سیاسەتدا کۆمەڵێک دەزگا و کەسی پرۆفیشناڵ ئامادەن و لەجیاتی هاووڵاتیان بیر دەکەنەوە، چونکە ئەوان وەک شارەزا باشتر دەتوانن بەرژەوەندییەکانیان دیاری بکەن؛ ئەمەش هەم لە دیدی ژیژەک و هەم لە روانگەی رانسیەر گەڕانەوەیە بۆ بیرۆکەی "پۆلیس polis"ی یۆنانی لە بەرانبەر politic سیاسەت: لە یۆنانی دێرین دا، شتێک لەژێر ناوی پۆلیس سەری هەڵدا کە مافی تایبەتی خۆی جێبەجێ دەکات و لە فەلسەفەی سیاسیش (لە سەردەمی نووسینی کتێبی کۆماری ئەفلاتون)ەوە هەتا فکری سیاسی لیبڕاڵ هەوڵێک هەبووە بۆ بێدەنگ کردنی توانستی تێکدانی سەقامگیری بواری سیاسەت، هەوڵێک لە رێگای نکوڵی یان رێسامەندکردنی بەهەرشێوازێک کە بلوێت. (ژیژک، ١٣٨٤c، ٤٥٨) لە دیدی بالیبار ئازادی یەکسان بێ مەرجە، چونکە سیاسەت واتە دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک demos بەدەستی خۆیان کە هەر خۆیان دەبێ لەسەر بنەمای ماف دروست بووبن و گرنگترین پرس لێرەدا سەرکوتکردنی ئەو شتەیە کە خەڵک لە خۆی و سەربەخۆیی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆی جیادەکاتەوە. هەر بۆیە «ئۆتۆنۆمی سیاسەت پەیوەستە بە ئۆتۆنۆمی سوبێکتی سیاسەت ئەمەش واتە خەڵک خۆیان خۆیان "دروست دەکەن" و ماف بەیەکتر دەبەخشن و سوبێکتەکان دەبن بە چاوگ و مەرجەعی رزگاری بۆ یەکتر». (بالیبار، ١٣٩٢، ٣٧) بەم جۆرە کۆکە لەگەڵ ئەم دیدەی رانسیەر سەبارەت بە سیاسەتی راستەقینە کە سیاسەتیکە لۆژیکی یەکسانیخوازی دەخاتەبەردەم لۆژیکی پۆلیس polis ەوە، سیاسەت بەمانای دروستبوونی رێکەوتنێکی هەمەکی نییە لە هەناوی demos دا، بەڵکو بریتییە لە دامەزراندنی ئەو بەشەی بەشی نییە. (بالیبار، هەمان سەرچاوە، ٣٨) هەر وەک هۆبز دەڵێت شەڕی کۆمەڵایەتی لە نایەکسانییەوە دێت، تامەزرۆیی نایەکسانیخوازی سەرەگێژەی یەکسانی و تەمەڵییە بەرانبەر ئەرکێک کە یەکسانی دەیسەپێنێت وترسە بەرانبەر ئەو شتەی بوونەوەری عەقڵانی بەرانبەر بە خۆی دەیخاتە سەرشانی. (رانسیەر، ٢٠١٥، ١٣٧) سیستەمی حوکمڕانی دروستکراوێکی خەیاڵییە و لەناویدا حەز و تامەزرۆییەکان دەبن بە گوتاری زاڵ وەک راستی خۆیان پێشان دەدەن. کەواتە ململانێی سیاسی بریتیی نییە لە ململانێی نێوان گرووپ و بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان، بەڵکو رووبەرووبوونەوەیەکە لە نێوان ئەو لۆژیکانەی کە بەش و پشکەکانی کۆمەڵ بە شێوازی جیاواز دەژمێرن و لێرەدا رانسیەر جیاوازی دەکات لە نێوان «پۆلیس polis و پۆلیتیک politics واتە شێوازی حساب کردن و ژماردن لە جەستەی کۆمەڵدا لە نێوان بەشە واقعی (ئەرستۆکرات و ئۆلیگاریشی) و بەشە تەواوکارەکاندا (دیمۆس)دا». (رانسیر، ١٣٩٢، ٣٥) میتۆدی یەکسانی مەرجی ناسیاسی سیاسەتە لای ئەو ئەمە نە پەیڕەوی لە سیستەمی فەرمان دەکات و نە پرۆژەیەکی رێکخراوە، بەڵکو رێککەتنێکی مێژووییە لەسەر یەکسانی. (بادیو، ٢٠١٩، ١٤٣) لێرەدا بەش و گشت یان نوێنەرایەتی هەمەکی دەبێتە سەرەتای دروستکردنی سیاسەت وەک ئایدیالێکی سیاسی کە دەشێت بە واقعی بکرێت.

## بەشی سێیەم: توندوتیژی و لەسیاسەتخستن

### 1 – پۆست-سیاسەت و ململانێ

ژیژەک پێیوایە لەسەردەمی پۆست سیاسەتدا کێشەی وەهمی ئایدیۆلۆژیای جیهانگیری کە لە پارتە جیاوازەکاندا دەردەکەوێ کە رکەبەرایەتی یەکتر دەکەن بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، جێگەی خۆی دەدات بە تەکنۆکراسی رۆشنگەری لیبراڵی لایەنگری فرە کلتوری کە لە رێگای دانووسان لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرژەوەندییە جیاوازەکان دەگەنە رێککەوتن و ئاشـــتەوایی کە بەرگی کۆدەنگییەکی جیهانی لەبەر دەکـات. (ژیژک، ١٣٨٢، ٤٥٩) ئەو دژی چەمکی بێلایەنییە neutralization کە لە هزری لیـبراڵـدا بانگەشـــەی بۆ دەکرێت و ئەمەش دەبەســتێتەوە بە حەماســـی توندڕەوی ئایینی یان تواندنەوە لە بۆتەقەی ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە بنەمایەکی مەقبول و ئەمەش لە راستی دا ئایدیۆلۆژیاییەکی گشـتگیرە. (Žižek, 2012, 311) ئەمە واتە پاراسـتنی ئەو نەخشـە سیاسییە کە سیستەمی جیهانی دەیەوێت، رادەیەک لە کرانەوەی سیاسی و چالاکی مەدەنی کە زەمینەی جوڵە بۆ ئابووری و بازرگانی برەخسـێنێ کە وەک تۆڕێکی گەورەی جیهانی ســوود لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، هەربۆیە هەموو جۆرە کردەوە و چالاکییەکی رێکخراو و دەزگاکان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە چوارچێوەی نەخشـــەی ئـایـدیۆلۆژیـای هەژموونیی دا جێگەی دەکرێتەوە، بەو مەرجەی لە هەنـدێ سـنوور دیاریکراو و هێڵی سـوور نزیک نەکەونەوە. بەرای ژیژەک «ئەم چالاکیانە دەربڕی نموونەیەکی تەواو و ئـاشـــکران بۆ نێوان-پـاســیڤی Interpassivity، واتە ئەنجـامـدانی کـارێـک بەمەبەســتی بەدەستهێنانی شتێک نییە، بەڵکو بۆ پێشگرتنە لەوەی بەڕاستی شتێک روو بدات، شتێک بەڕاستی بگۆڕێت». (ژیژک، انتخاب لنین، ١٣٨٢، ٣٣٩) هەر بۆیە لەســەر ئاســتی جیهانی و ناوخۆیی ئەمڕۆ لە هەموو کـات زیـاتر رێکخراوەکـان نـاکـاریگەرن، بەشـــێکی زۆریـان دەکەونەوە نـاو هەمـان گەمەی شەرعیەت بەخشین بە ئایدیۆلۆژیای زاڵ و چڕکردنەوەی هەژموونی سیستەم. دەزگا و دامەزراوەکان پارەدار دەکرێن، بۆ ئەوەی ســیمینار و وۆرکشــۆپ ببەســتن نەک لە پێناو بەرهەمهێنانی مەعریفە و رەخنەی رادیکاڵ لە قەیران و کێشـــەکان و تەنانەت دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ کێشـــەکان، بەڵکو بۆ تۆخکردنەوەی گوتاری فرەیی ناکارا. ژیژەک دەڵێت: «ئەمڕۆ هیچ کارێک لەوە ئاسانتر نییە کە بودجە لە سندوقە نێودەوڵەتی و دەوڵەتی و کۆمپانیاکان وەربگری بۆ پرۆژەی توێژەنەوەی زانستی سەبارەت بە چۆنیەتی بەرنگاربوونەوە لەگەڵ شـــێوازە نوێیەکانی توندوتیژی ئەتنی و ئایینی یان رەگەزی، بەڵام پرســـەکە لێرەدایە کە هەموو ئەوانە لە پشـــت جۆرێـک Denkverbot (بیرنەکردنەوەی) بنەڕەتی روودەدات: جۆرێک لە پێشـگرتن لە بیرکردنەوە». (هەمان سـەرچاوە، ص ٣٣٥) سـەبارەت بە پرسـە چارەنووســازەکان ســیاســـەتمەدارەکان لە بواری نێودەوڵەتی دا بە بێدەنگی رێکدەکەون و ئەمەش دەبێتە سەرمایە - سەنتەری لە جیهان و ئەو پرسیارە دەوروژێنێ لە کاتێکدا ئەم رێککەوتنە کاریگەری هەیە لە ســەر دەوڵەت و ژیانی ســەدان ملیۆن کەس بۆچی بە نهێنی ئەنجام دەدرێت؟ ئایا ئەمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیموکراسی ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ ئایا ئەمە نیشانەی هەژموونی سەرمایە و سنوورداربوونی رۆڵی سیاسەتمەدارەکان نییە کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵدەبژێردرێن؟ کاتێ بابەتە سەربازی و ئابوورییە هەستیارەکان دەخرێنە دەرەوەی را و ئیرادەی خەڵک بە پاساوی ئەوەی ئەمە پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەییەوە و دەبێ پسپۆڕ و شارەزاکان بڕیاری لەسەر بدەن، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: دەبێ خەڵک دەنگ لەسەر چی بدات؟

لەسەردەمی پۆست-سیاسەت و بایۆ-دەسەڵات دا پۆلیس polis کە هەمان گوتاری زاڵی پاراستنی رەوشی هەنووکەیی و سیستەمە، جێگەی پۆلتیک یان سیاسەت دەگرێتەوە کە بریتییە لە بەشداری چالاک لە فەزای گشتیدا. ئەمە لە سەردەمی سەرمایەداری بەزانیاریکراو دا شەرعیەتی زیاتری بەدەست هێناوە و دەرفەتەکانی بەردەم کرانەوەی سیاسەتی تەنگتر کردوە و جێگۆڕکێ بە ماناکانی سیاسەتیش دەکات. «لە دونیای هاوچەرخدا، لە سیاسەتخستن بووتە هۆی سنووردار کردنی دونیای تایبەتی چینی ناوەڕست بە خۆی و تروما یان شۆکە دەروونییەکانییەوە، وەک هەڵبژاردنی ئەخلاقی، وەفاداری و منداڵ لەباربردن و هتد». (ژیژک، a١٣٨٤، ٣٦٠) واتە ئەم داواکاری و خواستانە جێگەی چەمکی سیاسەتیان گرتووەتەوە کە لەبنەڕەتدا کۆمەڵێک کێشەی ژیانی ئاسایی خەڵکە و لە رێگای ئایدیۆلۆژیاوە وەک چەمکی گرنگی سیاسی بەرز دەکرێنەوە و پسپۆڕەکان بە بەردەوامی رێنمایی لەسەر دەدەن. لاکان وەک پەرچەکردار بۆ ناڕەزایەتییەکانی ١٩٦٨ی پاریس وتی:" ئەوەی ئێوەی شۆڕشگێڕ بەدوای دا وێڵن ئاغایەکی نوێیە، پێیدەگەن" ئەم ئاغا نوێیە شکڵی گۆڕینی سیاسەتمەداری ئاساییە بە حکومەتی "بێ بارگ" و تەکنۆکراتی بەری لە مەیلی سیاسی کە خاوەن بانک و کۆمپانیا و پرۆژەکانی وەبەرهێنان نوێنەرایەتی دەکەن. ئەمەش واتە باری لەناکاوی هەمیشەیی و هەڵپەساردنی دیموکرسی و سنووردارکردنی ئازادیی و لە سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا ئەم رەوتە بەشی هەرە زۆری جیهانی گرتووەتەوە و بەم جۆرە سیاسەت لەمانا دیموکراتیەکەی خۆی دادەماڵرێت، هەربۆیە تێکشکاندنی ئەم جۆر فۆڕمە لە رونگەی ژیژەکەوە کردەیەکی رادیکاڵە و بۆ ئەم مەبەستە هەر وەک ژاک رانسیەر چەمکی سیاسەتی دیموکراتی لە سەر بنەمای چەمکی نارەزامەندی dissensus دادەمەزرێنێ، وەک خەباتێک بۆ یەکسانی لە ناو سیستەمی نایەکسانی پۆلیس بەجۆرێک سیاسەت بە رازینەبوون یان ناکۆدەنگی سوژەی سیاسی "دیمۆس" دەست پێدەکات و درزێک دروست دەکات و سیستەمێکی نوێ دێنێتە ئاراوە. (سرخوش، ١٣٨٩، ١١١) ئەوە بەو واتایەیە کە فۆڕمی زاڵی پۆست-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەت لە بنەمادا لەسەر دەرکردن و بەلاوەنانی "دیمۆس" کار دەکات و هەر وەک ئاگامبێن ئاماژەی بۆ دەکات لەسەردەمی پۆست-سیاسەتی ئەمڕۆدا، خودی فەزای دیموکراتی گشتی ماسکێکە کە حەقیقەتی ئێمە دەشارێتەو کە دواجار هەمووومان هۆمۆساکرین. (چیچک،٢٠١١، ٦٤) هۆمۆساکر Homo Sacer (انسان المستباح او الحرام) لە نەریتی رۆمانی کۆندا ئەو کەسەیە کە گەل دادگایی دەکرد لەسەر تاوانێک، لە لایەکەوە وەک کەسێکی نەفرەتاوی و لە لەیەکی ترەوە وەک مرۆڤێکی پیرۆز کە بۆ قوربانی ناشێت و لە بنەڕەتدا هی خواوەندی دۆزەخە و رێگە نەدەدراوە بکوژرێت، بەڵام ئەگەر یەکێک کوشتبای ئەوا بە هۆی کوشتنی نەفسی مرۆڤێکەوە تەمەتبار نەدەکرا، هەر وەک لە یاسای رۆمانی دا هاتووە: ئەگەر کەسێک یەکێک بکوژێت کە لە راپرسی گەل دا بە هۆمۆساکر ناسراوە، ئەوا ئەم کەسە بە بکوژ دانانرێت. بەم جۆرە هۆمۆساکر دەکەوێتە هێڵی یەکتر بڕینی کوشتنی رێگەپێدراو و قوربانی حەرام. (أغامبن، ٢٠١٧، ٩٩-١٠٠) کەواتە بایۆ-سیاسەت دوو لایەنی هەیە کە تەنیا دەتوانێ سەر بەدوو فەزای ئایدیۆلۆژی دژ بەیەک بێت: لایەنی کورتکردنەوەی مرۆڤ بۆ "ژیانی رووت bare life" بەرەوە مرۆڤی رووت یان هۆمۆ ساکر هەمان بوونەوەری بە حساب پیرۆز کە بابەتی مەعریفەی پسپۆڕی چاودێرییە، بەڵام وەک زیندانییەکانی گوانتانامۆ یان قوربانییەکانی هۆلۆکۆست کە لە هەموو مافێک داماڵراون. (ژیژک، ١٤٠٠، ٥١ و جیجیك٢٠١٧، ٤٥) لێرەوە گرنگی هەنگاونان لە بایۆ-سیاسەتوە بەرەو بواری سیاسی دێتەئارا، واتە فەزای بەرزکردنەوەی سکاڵا و دادواکاری کە دەرفەت بە دەرکراوەکان دەدات نارِەزایەتی دەرببڕن دژی پێشێلکردنی ماف و نادادپەروەری ئەوانەی کە لە پانتایی سیمبولی دەرکراون و ئێستا لە پانتایی واقعی دا دەردەکەونەوە لە هەموو فۆڕمەکانی هەڵاواردنی سیاسیدا، لێرەدا ئەم خاڵە گرنگە کە چۆن "رەگەزپەرستی پۆست مۆدێرن" لە هەیکەلی دەرەنجامی کۆتایی هەڵپەساردنی پۆست-سیاسەتی بواری سیاسی دا دەردەکەوێت، واتە رەوتی گۆڕینی دەوڵەت بۆ ئەکتەر و کاربەدەستی هیچ لەدەست نەهاتووی پۆلیس لە خزمەت پێداویستی (ئەوانەی بەرِەسمی کۆدەنگیان لەسەرە) هێزەکانی بازاڕ و هیومانیستە لێبوردەکان کە بەردی لایەنگری فرەکلتوری لەسنگی خۆیان دەدەن. (ژیژک، ١٣٨٤c، ٤٥٩) بەم جۆرە بایۆ-سیاسەت و بەمانایەکی وردتر بەڕێوەبردن و بەیاساییکردنی ژیانی رووت، کە لە سەر ئاستی ژیانی تاکەکەسی، تاک تەنیا ژمارەیەکە، ئەگەر توخنی سیاسەت نەکەوێ هیچ کێشەی نییە و نابینرێت و لەسەر ئاستی هەمەکیشدا واتە وەک دیمۆس ئەوا رۆڵی نییە، لە بەرانبەردا تەکنۆکراتەکان دەبن بە جێگرەوەی دامەزراوە دیموکراتییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2- توندوتیژی و سیاسەتی ترس

لە خوێندنەوە جۆراوجۆرەکاندا، لانیکەم جیاوازی دەکرێت لە نیوان سێ نەریتی پێناسەکردنی چەمکی توندوتیژی؛ یەکەم، نەریتی سنووردار Restrictive definition واتە توندوتیژی وەک زیان گەیاندن بەوانیتر کە لیبرالە سیاسییەکان لایەنگری دەکەن. دووەم، پێناسەی گشتگیر Wilde definition واتە ئازاردان بەشێوەیەکی مەترسیدار کە رادیکاڵە سیاسییەکان بەکاریدەێنن و سێیەم، پێناسەی شەرعیLegitimist definition بەمانای توندوتیژی وەک زیان گەیاندن کە دەسەڵاتی شەرعی رێگەی پێنادات، ئەمەش لەلایەن کۆنسێرڤاتیفە سیاسییەکانەوە پشتیوانی دەکرێت. (Graeber, David,2009,449) تێگەیشتنی ژیژەک بۆ چەمکی توندوتیژی وەک بەشێکی جەوهەری دونیای هاوچەرخ لەسەر دوو ئاست دامەزراوە: توندوتیژی بابەتی Objective Violence و توندوتیژی خودی Subjective Violence، یەکەمیان پەیوەستە بە بونیادی ئایدیۆلۆژیای باڵادەست کە پشت بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی زۆرەملێ و پەراوێزخستن و دەرکردن دەبەستێت و دووەمیان لە هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە دەردەچێت. (Violence, 2008,10-14) روانگەی باو بۆچەمکی توندوتیژی ئەوەیە کە تەنیا لە کاتی گۆران دا روودەدات، واتە کاتێک رووداوێکی گەورە روودەدات، بەڵام بە پێچەوانەوە لەدیدی ژیژەک توندوتیژی هەمیشە ئامادەیی هەیە وهیچ ئامانجێکی نییە جگە لە چەسپاندنی رەوشی هەنووکەیی، ئەمەش پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ باوترین پێناسەی ئەم چەمکە واتە «بەکارهێنانی نامەشروع یان لانیکەم نایاسایی هێز». (لالاند، ٢٠٠١، ١٥٥٥) ئەو پێیوایە ئەوەی مەترسی گەورەیە و توندوتیژی سەرەکییە، ئەو جۆرە ئۆبجێکتیڤەیە کە لە دەسەڵاتەوە دەردەچێت. جگە لە توندوتیژی سیستەماتیک، هەندێ جار بزوتنەوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان توندوتیژی دەکەن بە ئامرازێک بۆ دروستکردنی شوناس و لەم نێوەندەدا بەتایبەتی گەنجانی ناڕازی، توندوتیژی ئامرازی Performative Violence بۆ بەرهەمهێنانی شوناسی رادیکاڵ و هەندێ پەیامی واقعی بۆ رەددانەوەی دەوڵەت و سەرمایەداری جیهانی بەکاردێنن. (Taylor and Van Dyke, 2004,72-73)

لە روانگەی ژیژەک کێشەی سەرەکی توندوتیژی بزووتنەوەی ناڕازییەکان کە لە هەناوی کۆمەڵگای بەرخۆی هاوچەرخەوە دەردەچێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد دامەزراوە، بەڵام تاکە بژاردە لە بەرانبەر کۆدەنگی دیموکراتی سەپێنراو، بریتییە لە نمایشکردنی

توندوتیژییەکی کوێرانەی پڕ لە حەماس و جۆش و خرۆش کە لەسەر کردە action دانەمەزراوە، بەڵکو لە نائومێدی و بێ توانای دەردەچێت و تورەییەکە پڕ لە پەرچەکردار reaction و هەڵچوون، ئەمەش بە پلەی یەکەم حەقیقەتی "کۆمەڵگای پۆست-ئایدۆلۆژیا" ئاشکرا دەکات و هێزی ماددی ئایدیۆلۆژیا بە شێوەیەکی بەرجەستە پێشان دەدا. (ژیژک، ١٣٩٨، ٩٣) ئەوە جگە لەوەی لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی توندوتیژی رەمزیش بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکار دێت و بەردەوام خۆی و واقعیش بەرهەم دێنێتەوە، هەروەک بۆدریار ئاماژەی بۆ دەکات توندوتیژی رەمزی کە لە سەر بنەمای هەژموونی نێرینە (هيمنة الذكورية) دامەزراوە، وەک قاڵبی هەستەکی و هزری و کردەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، خۆی نمایان دەکات، بەو پێیەی ترانسێندێنتاڵی و مێژوویییە، بەڵام لە راستیدا ئەم هەژموونە خۆی زهنیەتی بەرهەمهێنانەوە و سەپاندنی خۆی دروست دەکاتەوە و دانپیانانی بەرانبەرەکانیشی وەردەگرێت، توندوتیژی رەمزی لە رێگای چەسپاندنی زهنیەتی باڵادەستی هەژموونی بەسەر ئەوانەی هەژموونیان بەسەردا پیادەدەکرێت، دادەمەزرێت. (بوردیار، بیار، ٢٠٠٩، ٦٠-٦١) بەم جۆرە لەسەردەمی سیاسەتی گلۆباڵی جیهانیدا کە سەرمایەداری پەلی بۆ هەموو شوێنێک هاویشتوە، جۆرێک لە ماتەوزەی توندوتیژی پەنگخواردوو بەرهەم دێنێت، چونکە «بەجیهانیکردنی سەرمایە لە رێگای درزێکی بونیادیی و چینایەتییەوە بەسەرانسەری گۆی زەویدا هەوڵدەدات، سوودمەندانی ناوە (وڵاتە پێشکەوتووەکان) لە زیانەکانی دەرەوە (وڵاتە هەژارەکان) بپارێزێت». (ژیژک٢، ١٣٨٩، ٢٤ و Žižek,2017) ژیژەک پێیوایە سەرەڕای ئەوەی ئەمرۆ سیاسەتێکی رادیکاڵ و رزگاریخواز بوونی نییە، بەڵام ئەمرۆ لەگەڵ دیاردەیەکدا بەرەو ڕووین کە بنیامین ناوی دەنێت "توندوتیژی یەزادنی" واتە هەڵچونێکی توندویژانە کە بەشێک نین لە ستراتیژێکی درێژخایەن، بەڵکو هەندێ ئامرازی بێ ئامانجن، واتە ئەگەر شۆڕشی ١٩٦٨ قوتابیانی فەرەنسا یاخیبوونێک بێت بە روانگەیەکی یۆتۆپییەوە، ئەوا نارەزایەتییەکانی ٢٠٠٥ فەرەنساو ٢٠١٥ بالتیمور، هەڵچوونێکە کە بانگەشەی هیچ ناکات و ئەو شتەیە لاکان ناوی دەنێت سەرڕێژبوون Passge a l’ acte یان هەنگاوێکی غەریزی بە ئاراستەی کردەوەیەک کە ناتوانرێت لە چوارچێوەی گوتار یان هزرێکدا رێکبخرێت و باری قورسی ناکامی هەڵگرتووە. (ژیژک، ١٣٩٨، ٧٧-٧٩) ژیژەک جەخت دەکاتەوە کە «راپەرین و نارەزایەتییەکان بۆ "بینران" و بەخشینی مانایە بە ژیان، هەولێکە دژی نەبینران و حساب بۆنەکران لەناو تانوپۆی ژیانی کۆمەڵایەتی-سیاسیدا، بە جۆرێک نارازییەکان هەستدەکەن بەدیوارێک

لە بەشـــی بینراو جیاکراونەتەوە». ( ژیژک، ١٣٨٩، ٨٧) لەروانگەی ژیژەک ئەم ناڕەزایەتیانە ســـەرەڕای توندوتیژبوونیان، وەک جۆرێک دڵشـکانی ressentiment ناڕوون و قسـه لەسـەرنەکراو لای گەنجان دەردەکەوێت، کاتێ داوا دەکەن دانیانپیادابنرێ recognition، بەڵام کاتێ دەســـەڵات لە پەیامەکەیان ناگات یـان وەک گێرەشـــێوێن دیـانناســـێنێ و وەک دوو جیهانی دوور لە پەیویوەنـدی کە زمانی هـاوبەشـــیـان نییە بۆ لێکتێگەیشـــتن و گفتوگۆ، عەقڵی پۆپۆلیســـتی populist reason ڕێڕەوی نارەزایەتییەکان کۆنتڕۆڵ دەکات و دەگاتە ســـنوورێکی ناعەقڵانیەت و ناڕەزاتی پڕ لە توندوتیژی، دەگاتە پلەی ســـفری خۆی کە هیچ داخوازییەکی نییە. (جیجیك، ٢٠١٧، ٨٠) بەم جۆرە توندتوتیژی کە نەتوانێت هەڵگری پەیامی ســـیاســـی و مانادار و ڕێکخســـتنێکی تۆکمە بێت، ئەوەندەی تر دەیخاتە خانەی لە سیاسـەتخران و کاریگەر نەبوون و لە جیهانی داخوازییەکان دایدەبڕێت. ئەوە جگە لەوەی ئەم جۆرە توندوتیژییە ناعەقڵانییە، ئاسـتەکانی دانپیانانیشـی دەگەیەنێتە خاڵی سـفر، بەجۆرێک لە چوونە ناو پانتایی توندوتیژی ئەو لایەنەی دەتوانێت جڵەی ڕووداوەکان بگرێتەدەســـت، دەســـەڵاتە نەک بەرەی بەرهەڵستی و بەرەنگاری و هۆکارەکەشی نەبوونی ئاستێکی بەرزە لە پرۆژەیەکی سیاسی کە وەک ئەلتەرناتیڤی دەسـەڵات خۆی دەربخات. ئەمەش واتە مەکینەی زەبەلاحی توندوتیژی، دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی توندوتیژی زیاتر و رق و بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی هەژموونی و باشترین نموونەشـە رژێمی سوریایە. لە روانگەی ژیژەکەوە توندڕەوە دینیەکان جۆریکی قوڵ لە دوالیزمیان لە ناخی خۆیان هەڵگرتووە، لیبرالیزم و دەمارگرژیی ئایینی یەکتر تەواو دەکەن ململانێی نێوان لیبرالیزم و دەمارگرژی ململانێیەکی ساختەیە و دووجەمسەری تەواوکەری یەکترن، ژیژەک بە لاساییکردنەوەی هۆرکهایمەر دەڵێت: «ئەگەر کەســـێک نایەوێـت لە روانگەیەکی رەخنەییەوە ســـەبارەت بە لیبرال دیموکرسی قسە بکات چاکتر وایە سەبارەت بە دەمارگرژیش بێدەنگ بێت». (چیچیک، ٢٠١٥، ٨٥-٨٦) بەم جۆرە لە دید ژیژەک تەکنۆ -دەسـەڵات کە بریتییە لە کورت کردنەوەی پرۆسـەی سیاسـی و ژیانی سـیاســی کە ئۆنتۆلۆژیای تاک پێکدەهێنیت و بەشـە رەســەنەکەی مرۆڤە، لە لایەن بایۆ-ســیاســەتی ســـەرمایەداری و شـــارەزایانی وردە-دەســـەڵاتەوە کۆنتڕۆڵ دەکرێت. لێرەدا چەمکی پۆلەتیک بەمانا یۆنانیەکەی کە بریتییە لە ململانێی ناوەکی هێزەکانی کۆمەڵگا دەگۆڕێت بۆ پۆلیس واتە پارســـتنی ڕەوشـــی هەنووکەیی و ئەمەش واتە نەهێشـتنی هێڵی بەریەکەوتن و دیالێکتیکی کۆمەڵگا کە هەمان لە سیاسـەتخستنە. پەراوێزخستنی بەشێکی بەرفراوانی کۆمەڵگا یان هەمان "دیمۆس"ە کە کرۆکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەمی دیموکراستی و سیاسەتە، بەرەنجامەکەی سەرهەڵدانی توندوتیژی کوێرانە و بێ بارگ کردنی سیاسەتە.

## دەرەنجام:

ژیژەک وەک فەیلەسووفێک بەئاسانی لە توێژینەوەکانیدا بیروبۆچوونەکانی بەدەستەوەنادات، هەر لە سیاسەت و فەلسەفەوە تا دەگاتە رەخنە لە کولتوری جەماوەری و سینەما و فیلم، روانگەی تایبەت بەخۆی هەیە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە رێگای جۆرێکی نوێ لە فۆرمیولەکردنەوەی ئایدیاکانی، پەیوەندی نێوان چەمکی سیاسەت و لەسیاسەتخستن بخرێتەڕوو.
لە روانگەی ژیژەک سەرەڕای بانگەشەی لیبراڵ دیموکراسی و سەرمایەداری سەبارەت بە کۆتایی ئایدیۆلۆژیا، بەڵام لە راستیدا ئەم سیستەمە لەرێگای بەکارهێنانی هێزی ماددی و کولتووری زاڵ، جارێکی تر سیاسەتی بەئایدیۆلۆژیکردوە و لە سەر ئاستی سایکۆلۆژیش لە رێگای کۆنترۆلکردانی پانتایی لیبدیۆی مرۆیی تەنانەت توانیویەتی دەستکاری حەز و ئارەزووکانیش بکات و بەئاراستەی مەیل بۆ واقعییەتی هەنووکەیی بیجولێنێت و هەوڵدەدات سیستەم لە ناخودئاگایی تاکەکاندا بە ئەبەدی بکات.
بایۆ-دەسەڵات کە لەراستیدا فۆرمی زاڵی سیاسەتی نیبو لیبراڵی جیهانییە و خۆی لە تەکنۆ-دەسەڵاتدا دەبینێتەوە، لە رێگای بەکارهێنانی میکانیزمەکانی دیسپلین و کۆنترۆڵەوە چووتە ناو وردترین بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و بەم جۆرە ئیرادەی ئازادی تاکەکانیشی خستووتە ژێر رکێفی خۆی و ئەمەش لە رێگای گوتارەوە وەک ئەمری واقیع دادەڕێژێتەوە، لێرەوە فۆرمی دەسەڵاتی سەرمایەداری کە وەک جۆرێک ئیمپراتۆریەت دەردەکەوێت و روانگەکانی خۆی لە رێگەی دەسەڵاتی ئابووری کۆمپانیا فرە رەگەزەکان و دامەزراوە داراییە جیهانییەکان تەشەنە پێدەدات و سوود و بازاڕی ئازاد ئامانجە باڵاکەیەتی، بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا یان بەشی بێ بەش پەراوێز دەخات.
گوتاری کۆتایی ئایدیۆلۆژیا کە خۆی ئایدیۆلۆژیای نیبولیبرالیزمە، بانگەشەی سەکەوتنی لۆژیکی بازاڕی ئازاد و رێژەگەرایی دەکات کە شوێنی عەقڵی هەمەکی رۆشنگەری گرتووەتوە، کە دەرەنجامەکەی بووتە هۆی بەئاسایی ناساندنی قەیران و کێشە جدیبەکانی جیهان و ئەمەش لە چوارچێوەی گوتاری فرەکولتورگەرایی و سیاسەتی شوناسدا پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. سەرەڕای

ئەمانە، قەیران و شۆک وەک بەشێکی سەرەکی سیاسەتی تەکنۆکراسی دیزاین دەکرێت و رەوشی ئاوارتە دەبێت بە دۆخی باڵادەست.

تەکنۆ-سیاسەت کە بەمانای داماڵینی سیاسەتە لە جەوهەری سەرەکی خۆی کە ململانێیە، دەبێتە هۆی لەسیاسەتخستن و پەراوێزخستنی زۆرینە کۆمەڵگا یان بەشی بێ بەش واتە "دیمۆس" ئەمەش بە مانای بەلاوەنانی جەوهەری دیموکراسییە و لە جیاتی ویستی هاووڵاتیان بازاڕ و تەکنۆکراتەکان چارەنووسی خەڵک دیاری دەکەن.

سیاسەتی ترس و دژایەتی ئەویتر کە خەیاڵکردی "منی" باڵادەستە، دەکرێن بە ئەلتەرناتیڤی سیاسەت وەک ململانێی چینایەتی، ئەمەش واتە راگرتنی ناکۆکییە زاتییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگا کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندتیژی بابەتی و خودی، واتە لەبەرانبەر یەک وەستانەوەی بەرەی ناڕازی کۆمەڵگا دژی سیستەم و هەوڵدانی بۆ تێکشکاندنی بونیادە جێگیرەکانی. لە غیابی پرۆژەیەکی سیاسی رادیکاڵیش کە خاوەن کردە و دەستپێشخەری بێت سیاسەتی ترس و توندوتیژی باڵدەست بووە، چونکە رەگەزەکانی کولتوری زاڵی سیاسی بەئایدیۆلۆژی دەکرێت و دەبێت بە دەزگایەک بۆ نەهێشتنی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان هێز و چینە ناکۆکەکان و بەم جۆرە سیاسەت کە هەمان ململانێی چینایەتییە دەبێت بە پانتایی سازان و کۆدەنگی لە پێناو بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراوی باڵادەستدا.

## پەراوێزەکان:

* سلاڤۆی ژیژەک Slavoj Žižek لە ساڵی 1949 لە لیوبلیانای پایتەختی سلۆڤینیا لەدایکبووە، دکتۆرای فەلسەفەکەی لە زێدی خۆی لە زانکۆی لیوبلیانا University of Ljubljana وەرگرتووە، پاشان لە زانکۆی سۆربۆن دەروونشیکاریی خوێندووە. مامۆستای بەشی خوێندنی باڵای ئەوروپی وتوێژەری باڵای دەزگای کۆمەڵناسییە لە زانکۆی لیوبلیانا، هەروەها مامۆستای میوانە لە زانکۆاکانی کۆڵۆمبیا و پرینستۆن و قوتابخانەی نوێی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی نیۆیۆرك، زانکۆی مینەسوتا و زانکۆی میشیگان. بەرهەمەکانی کە پسپۆڕی و بوارە جیاوازییە زانستییەکانی وەک فەلسەفە و سیاسەت و دەروونشیکاری و رەخنەی کولتوری و سینەما و ئەدەب دەبڕێت، هەموویان لە پێناو پرۆژەیەکی سیاسی دەخاتەگەڕ لە پێناو گۆڕانی رادیکاڵ لە سیستەمی لیبراڵ دیموکراسی کە بووەتە ئایدیۆلۆژیای سەرەکی سەرمایەداری گلۆباڵ یان سەرمایەدارییەکی گشتگیر کە

خاوەنی ئاراستەیەکی فراوانخوازییە. ژیژەک بە یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی رۆژئاوا و جیهان دادەنرێت.

** کاتێ بەڵگەنامەیەک لە ڤاتیکان بەناوی Urbi et Orbi «بۆ شـــار و بۆ جیهان» لەلایەن پاپاوە واژو بکرێت، مانای ئەوەیە تەنیا تایبەت نییە بە شاری رۆما بەڵکو هەموو جیهانی کاسۆلیک دەگرێتەوە.

*** Milton Friedman (١٩١٢-٢٠٠٦) ئابووریناســی کۆنسـێرڤاتیڤی ئەمریکی و وەرگری خەڵاتی نۆبڵ لە ئابووری، بە دیزینەری نیبولیبرالیزمی توندڕەو دادەنرێت.

## سەرچاوە و ژێدەرەکان:


### کوردی

ژیژەک، سلاڤۆی (٢٠١٨)، ئۆبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا، و: وەلید عومەر، مێخەک، هەولێر.

رانسیەر (٢٠١٥)، ژاک، مامۆستای نەزان: پێنج وانە سەبارەت بە رزگاری، و: مەنسوور تەیفووری، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

### عەرەبی :

لالاند، أندريه (٢٠٠١)، موسوعة لالاند الفلسفية، ت: خليل أحمد خليل، إشراف، أحمد عويدات، المجلد الثالث، منشورات عويدات، بيروت.

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

جيجيك، سلافوي (٢٠١٧)، العنف: تأملات في وجوهه الستة، ت: فاضل جتكر، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.

جيجيك،سلافوي (٢٠١٧)، سنة احلام الخطيرة، ت: امير زكي، دار فارابى، بيروت.

جيجك، سلافوي (٢٠١٥)، معاداة السامية وتحولاتها، جزء من كتاب: فاتيمو، جياني وماردر، مايكل، تفكيك الصهيونية: نقد ميتافيزيقا السياسة، ت: عدنان حسن، منتدي العلاقات العربية والعالمية، قطر.

جيچک، سلافوي (٢٠١٥)، تراجيديا في البداية هزلية في النهاية، ت: غادة الامام، المركز العربي للترجمة، القاهرة.

سلافوي، جيجيک (٢٠١٥)، بداية كمأساة وأخري كمهزلة، ت: أماني لازار، طوى للثقافة والنشر ولاعلام، لندن.

جيچک، سلافوي (٢٠١١)، مرحبا في صحراء الواقع، ت: احمد احسان، دار العين للنشر، القاهره.

### ژێدەرەکان:

أغامبن، جيورجيو (٢٠١٧)، المنبوذ: السلطة السيادية والحياة العارية، ت: عبد العزيز العيادي، منشورات الجمل، بغداد-بيروت.

أغامبين، چورچو (٢٠١٥)، حالة الاستثناء، ت: ناصر اسماعيل، مدارات للابحاث والنشر، القاهرة.

باديو، آلان، (٢٠١٩) موجز ميتابولتيک السياسة، ت: حسين عجة، دار سطور للنشر والتوزيع، بغداد.

بغوره، الزواوي (٢٠٢١)، في الليبرالية والليبرالية الجديدة: موقف ميشيل فوكو، مؤمنون بلاحدود للدراسات والابحاث، الرباط.

بورديار، بيار (٢٠٠٩)، الهيمنة الذكورية، ت: سلمان قعفراني، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

دولوز، جيل (١٩٨٧)، المعرفه والسلطة، ت: سالم يفوت، المركز الثقافي العربي، بيروت.

سين، امارتيا (٢٠١٢)، الهوية والعنف: وهم القدر، ت: حمزة بن قبلان المزيني، جداول للنشر والتوزيع، بيروت.

فوكو، ميشيل (١٩٩٠)، ارادة المعرفة، ت: مطاع الصفدي و جورج ابي صالح، المركز الانماء القومي، بيروت.

فوكو، ميشيل (٢٠١٨)، مولد السياسة الحيوية: دروس القيت في الكوليج دوفرانس (١٩٧٨-١٩٧٩)، ت: الزواوي بغوره، منتدى العلاقات العربية والدولية، الدوحة.

هارت، مايكل ونيغري، انطونيو (٢٠١٥)، الجمهور: الحرب و الديمقراطية في عصر العولمة، ت: حيدر حاج اسماعيل، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

هاردت، مايكل و نيغري، انطونيو (٢٠٠٢)، الامبراطورية: امپراطورية العولمة الجديدة، ت: فاضل جتكر، مكتبة العبيكان، الرياض.

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

ژيژک، اسلاوی (١٣٩٢)، وجه وقيح حقوق بشر، له "قانون و خشونت"، کتاب رخداد، چاپ سوم، ناشر فرهنگ صبا، تهران.

ژيژک، اسلاوی (١٣٩٩)، کژنگريستن، ت: مازيار اسلامی و صالح نجفی، نشر نی، چ٤، تهران.

ژيژک، اسلاوی (١٣٩٥)، خواست ناممکن، ت: کامران برادران، نشر حکمت کلمه، چ ٢، تهران.

ژيژک، اسلاوی، در دفاع از خشونت اخلاقی، ت: علی عباس بيگی و مجتبا گل محمدی، کتاب رخداد، گام نو، تهران.

ژيژک، اسلاوی، (١٣٨٤a) انتخاب لنين، ت: اميد مهرگان، بخشی از کتاب: اسلاوی ژيژک، نظريه، سياست، دين، گزينش مراد فرهادپور و ديگران، گام نو، تهران.

ژيژک، اسلاوی (١٣٨٩)، خشونت: پنج نگاه زير چشمی، ت: علی رضا پاکنهاد، نشر نی، تهران.

ژيژک، اسلاوی ( ١٣٨٤b)، دمكراسی و ناخرسندی هايش، ت: صالح نجفی، کتاب رخداد، گام نو، تهران ١٣٨٤.

ژيژک، اسلاوی (١٣٨٤c)، ژاک رانسير و سياست راديکال، ت: صالح نجفی، بخشی از کتاب: اسلاوی ژيژک، نظريه، سياست، دين، گزينش مراد فرهادپور و ديگران، گام نو، تهران.

ژیژک، اسلاوی (١٣٩٨a)، سال رؤیاهای خطرناک، ت: رحمان بوذری و صالح نجفی، چاپ دوم، نشر هرمس، تهران.
ژیژک، اسلاوی (١٣٨٤d)، فراخوانی برای انقلاب فرهنگی، ت: جواد گنجی، بخشی از کتاب: اسلاوی ژیژک، نظریه، سیاست، دین، گزینش مراد فرهادپور و دیگران، گام نو، تهران.
ژیژک، اسلاوی (١٣٩٠)، عینیت ایدئولوژی، ت: علی بهروزیان، طرح نو، تهران.
ژیژک، اسلاوی (١٣٩١)، فانتزی به مثابه مقولەای سیاسی، بخشی از کتاب: بوطیقای ژیژک، ت: محمد صادق صادقی پور، انتشارات ققنوس، تهران.
ژیژک، اسلاوی (٢٠١٥)، علیه وسوسەی پوپولیستی، بەشێک لە کتێبی: بودگن، سباستین و کوولاکیس، استاتیس و ژیژک، اسلاوی (ویراستاران)، لنین؛ با رگذاری مجدد به سوی یک سیاست حقیقت، ت: گروه مترجمان، کتاب منجنیق، چاپ الکترونیک.
ژیژک، اسلاوی (١٣٩٨b)، علیه اخاذی مضاعف، پناهجویان، ترور ودیگر دردسرهای مربوط به همسایگان، ت: کامران برادران و محسن اصفهانی و میلاد روانبخش، نشر مانیا هنر، تهران، ١٣٩٨.

**ژێدەرەکان:**

آگامبین، جورجو و بدیو، آلن و دیگران (١٣٩٥)، حال و روز دمکراسی، ت: مجتبی گل محمدی، نشر چشمه، تهران.
آنتونیو نگری و مایکل هارت (١٣٩١)، امپراتوری: تبارشناسی جهانی شدن، ت: رضا نجف زاده، انتشارات آشیان و قصیده سرا، چاپ ٢، تهران.
آنتونیو نگری و مایکل هارت (٢٠١٢)، بیشماران: جنگ و دمکراسی در عصر امپراتوری، ت: منوجهر هزار خوانی، انتشارات بنیاد رضایی ها، پاریس.
بالیبار، اتین، (١٣٩٢) سه مفهوم سیاست،ت: مراد فرهادپور و بارانه عمادیان، بخشی از کتاب: آلتوسیر، بالیبار و دیگران، نام های سیاست، گزینش: مراد فرهاد پور و بارانه عمادیان و آرش ویسی، نشر بیدگل،چ ٢، تهران.
دالی، گلین (١٣٨٦)، گشودن فضای فلسفه، گفتوگوهای با اسلاوی ژیژک، ت: مجتبا گل محمدی، گام نو، تهران.
دریفوس، هیوبرت و رابینوا، پل (١٣٨٢)، میشل فوکو فراسوی ساختگرایی و هرمنیوتیک، ت: حسین بشیریه، نشر نی، چاپ ٣، تهران.
رانسیر، ژاک، (١٣٩٢) آغاز سیاست، ت: امیر کیان پور و ارسلان و ریحان زاده، بخشی از کتاب: آلتوسیر، بالیبار و دیگران، نام های سیاست، گزینش: مراد فرهاد پور و بارانه عمادیان و آرش ویسی، نشر بیدگل،چ ٢، تهران.
رانسیر، ژاک، (١٣٩٢) ده تز دربارەی سیاست، ت: امید مهرگان، رخ داد نو، تهران.
کلاین، نائومی، (١٣٨٩) دکترین شوک: ظهور سرمایەداری فاجعه، ت: مهرداد (خلیل) شهابی و میر محمود نبوی، کتاب آمه، تهران.

**گۆڤاری زانستی:**

سرخوش، نیکو(١٣٨٩)، سیاست هویت، پژوهشنامەی علوم انسانی، شمارە ٦٣/١، پایز و زمستان .

**پێگە ئەلکترۆنییەکان:**

دی بوئن، نسترو (٢٠١٩)، اسلاوی ژیژک، موسیقی و پایان کاپیتالیسم، ت: سارا پرحسنی، https://www.academia.edu/40286589/ و دەقی وتارەکە بە زمانی ئینگلیزی: https://merionwest.com/2019/07/24/slavoj-zizek-music-the-end-of-capitalism

رانسیر، ژاک و لاکلاو، ارنستو، (مباحثە) (٢٠١٨) آیا آنان نمایندگان ما هستند؟ ت: حمید قیصری، لەم سایتە لە رێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢١: http://rahaayesh.ir/1203/.

فوکو، میشل (٢٠١٧)، زایش سیاست بیولوژیک (لیبرالیسم چیست؟) ، ت: کورش برادری، لەم سایتە لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٧: https://www.gozaar.net/a/1342

وایدر، ناتان (٢٠٢٠)، خرد سیاست رانەها، ت: علی رضا زارع، لە ساتی دیمراسی رادیکال، https://radicald.net/2020/9/11

بل، جفری (٢٠٢١)، میان فردباوەری و جامعەباوری، خرد سیاست میل دولوز، ت: علی رضا زارع، ل ١٨. لە سایتی دمکراسی رادیکال: https://radicald.net/2021/01/23

بالیبار، اتین (٢٠١٢)، حقوق بشر و حقوق شهروند- دیالکتیک جدید برابری و آزادی، ت: محمد تقی برومند، https://www.newsecularism.com/2012/09/26.Wednesd

**ئینگلیزی:**

Carew, J. (2016). Slavoj Žižek and the Ontology of Political Imagination. *International Journal of Žižek Studies*, 5(3).

Klein, N. (2007). *The shock doctrine: The rise of disaster capitalism*, Metropolitan books, New York.

. Žižek, S. (2011). From democracy to divine violence. In Giorgio Agamben, Alain Badiou, aniel Bensaid, Wendy Brown, Jean-Luc Nancy, Jacques Rancière, Kristin Ross, and Slavoj Žižek (eds.), *Democracy in What State?* (pp. 100-120). New York, NY: Columbia University Press.

Verta, T. & and Nella, V. (2004), ‘‘Get up, stand up’’: Tactical repertoires of social movements. In Snow David A., Soule Sarah A., and Kriesi Hanspeter (eds.), *The Blackwell Companion to Social Movements* (pp. 262-293) Oxford, Blackwell Publishing Ltd.

Graeber, D. (2009). *Direct Action: An Ethnography*. Oakland, AK Press.

Žižek, Slavoj (2017), Against the Double Blackmail: Refugees, Terror, and Other Troubles with the Neighbours, Penguin Press, 2017.

Žižek, S. (2004) "A Plea for Ethical Violence", in: The Bible and Critical Theory, 2004.

Žižek, S. (2012) *Less Than Nothing; Hegel and the Shadow of Dialectical Martialism*. Verso, Londin-New York.

**Online magazine:**

Zizek, S. (2011) The Neighbor in Burka. The Symptom 11. https://www.lacan.com/symptom11/?p=69.%209. .

**Sites:**

Žižek ,S. (2014) Haw capital captured politics. *The Guardian*. https://www.theguardian.com/commentisfree/2014/jul/13/capital-politics-wikileaks-democracy-market-freedom

# Techno-Politic and Depoliticzation in the Philosophy of Slavoj Žižek

**Prof. Dr. Sherzad Ahmad Najjar**
Department of Political System and General policy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Ameen.sherzad@yahoo.com

**Asst. Lect. Idrees Omar Mustafa**
Department of Political System and General policy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Idrees.mustafa@su.edu.krd

***Keywords**: Depoliticization, Bio-Politics, Liberal Democracy, politics of fear, Technocracy, Violence*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

The concept of politics as the fields of power, conflict and popular participation has been considered one of the most important aspects of political philosophy since the Greek era. This conceptualization has always played a major role in the "differences" and "contradiction" of its constituent elements, including ideology as an analytical framework, vision and action. Slavo Žižek tries to deconstruct the concept of politics by criticizing the basic principles of liberal democracy. He adopts a Hegelian-Marxist perspective and benefits Jacques Lacan's psychoanalysis. He looks at politics as a field of compromise and consensus that expresses itself in bio-politics or living dominant power over life and controls all aspects of human life.

In his political philosophy, Žižek reconstructs this in the context of class struggle. By highlighting the ideological dimensions behind multicultural discourse and identity politics, Žižek explains the ideological aspects and the reality of bio-politics and technocrats in which democracy is marginalised and people play a more legitimizing role, creating the problem of depoliticization. The outline of this research is as follows. The first part defines and focuses on the concepts of bio-authority, global capitalism, micro-politic and disaster capitalism. In the second part, the article focuses on authority of Control and discipline, technocrasy an democracy, relation between post-politics and political action. In the last part the articl analysis the violence and depoliticzatoin, transforming the will of people into the authority of technocrats, violence and fear of politics as a paradgaim of real politics, according to Žižek, these all lead to the closure of the political field.

# السياسة-التكنوقراطية و اللاتسيس في فلسفة "سلافوي جيجيک" السياسية

## الملخص

السياسة-التكنوقراطية و اللاتسيس في فلسفة "سلافوي جيجيک" السياسية مفهوم السياسة منذ ظهورها عند الاغريق، كحيز للقوة والصراع من جهة، ومشاركة الموطنين من جهة الاخرى، يعد من اهم مجالات الفلسفة السياسية التي تتغير العناصر والعوامل المكونة لها بتغير خصائصها بين "الاختلاف" و "التناقض"، وهذا في جوف الايديولوجيا كإطار للتأويل ومن ثم للفعل. يحاول جيجيک تفكيک مفهوم السياسة، من خلال نقده للمبادىء الاساسية للفكر الليبرالى الديموقراطى من منظور هيغلي-ماركسي، باعتماده على منهج التحليل

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

النفسـي لجاك لاكان، فهو يزعم بإن السـياسـة في الرأسـمالية التي تظهر من خلال الاجماع والتوافق هي في جوهرها عبارة عن سياسة حيوية، أي سياسة المساومة والتنازل على المصالح الخاصة التي تسيطر وتهيمن على جوانب الحياة كافة . في المقابل يدافع عن السياسة كصراع طبقي بخصائصها الاقتصادية، وهذا يعني أن السياسة لا تمثل البنية الفوقية لعملية الانتاج وعلاقاته، بل تتأسس من داخلها وتحركها. تتكون هيكلية البحث من ثلاثة فصـول: حمل الفصـل الأول عنوان الايديولوجية الرأسـمالية والسـياسـة الحيوية يتطرق فيه الباحث الى مفهومي الايديولوجيا والواقعية، من خلال تسـليط الضـوء على القوة الحياتية والرأسـمالية المعولمة، ومن ثم يتحدث عن السـياسـة الجزئية والرأسـمالية للمأسـاة. أما الفصـل الثاني والمعنون بالسـياسـة الحياتية والسـلطة التكنوقراطية فيركز على إشكالية الهيمنة والانضباط، التكنوقراطى وارادة الشعب، ومن ثم يطرح مفهومي ما-بعد السياسة والفعل السياسي. في حين كرس الفصل الأخير لمفهومي العنف واللاتسيس كأحد ابرز آليات ازالة الصراع باعتباره فعلا أصيلا، من خلال فرض سياسة الخوف.